بەیارمەتی - کۆڕی زانیاری کورد - لە چاپ دراوە

بەشێک لە

# دیوانی میصری

بژاردن و ئامادەکردنی

عزیز گەردی

١٩٧٧

بەرەزامەندی وەزارەتی راگەیاندن لە چاپ دراوە

بە یارمەتی — کۆڕی زانیاری کورد — لە چاپ دراوە

بەشێکی لە

# دیـــوانی مـــێـــهری

١٩٠٩ ـ ١٩٤٢ ز

بژاردن و ئامادەکردنی

عزیز گەردی

بە ڕەزامەندی وەزارەتی راگەیاندن لە چاپ دراوە

چاپخانەی راپەڕین سلێمانی شەقامی کاوە تەلەفۆن ٢٢٦٥٦

١٩٧٧



محمد شریف میهری

١٩٠٩ — ١٩٤٢ ز

## پێشەکی :

چەرخی لێکۆڵینەوە زۆر بە گوڕ لە ناو گەردوونەی ئەدەب دەسووڕێتەوەو لە لایەکەوە وەکو خەرەك بەرهەمی نوێ لە مشتومال دەداو نرخی راستەقینەی بۆ دادەنێ و پێتی دەخا ، لە لایەکی تریشەوە تۆزی رۆژگار رادەماڵێ و گەوهەری بە نرخ و بەهای ئەدەبی دەدۆزێتەوەو دەیهێنێتەوە ناو مەیدانی بە هەرمێنی ئەدەب . . داخەکەم لە ئەدەبی کوردیماندا تا درەنگ چەرخێکی وا نەبووە ، لە گەڵ ئەوەشدا هەر وردە وردە شاعیرو نووسەری بەرز بوودۆزراونەتەوەو ژیانێکی نوێیان لەدنیای ئەدەبدا بۆ نووسراوەتەوە. بێ گومان ئەم (محمد شریف میهری)یەی کە دەمانەوێ کورتەباسێکی ژیانی بکەین و بژاردەیەکی شیعرەکانی بخەینە بەر چاوی خوێنەرانی ئازیزەوە ، یەکێکە لە هەزاران شاعیری تری کورد کە کەمێکیان زیندوو کراونەتەوەو بەرهەمە بە نرخەکانیان بڵاو کراونەتەوەو زۆربەی هەرە زۆریشیان هەر لە ژێر خاك وخۆڵی لە بیرچوونەوەدان چاوەڕێی ئەودەستە پیرۆزانە دەکەن کەدەنگ بەگەروویان و رەنگ بە روویان و خوێن بەدەمارە ووشك هەڵاتووەکانیان دەدەنەوە ، بەڵام داخو ئەم (میهری) یەی ئێمە باسی دەکەین ئایا (میهری)یە کە لە ئەدەبی کوردیماندا ، یا خود (میهری)یە کە لە چەند (میهری) تر کە هەریەکەیان پایەی تایبەتی خۆی هەبووەوهەیە لەمەیدانی ئەدەبدا ؟ بێ شك بێ لە ئەم (میهری)یە هەندێ (میهری) دیکەش هەبووین کە بێ لە سەر پشتی ئەم کوردستانە سەر بڵندە سووڕاونەتەوەو وەکو کەوی سەر تەپکە شاخ و بولبولی ناو دارستان بۆیان خوێندووە ، کەواتە :

### چەند ( میهری ) مان هەیە ؟

ئەوەندەی من ئاگادار بم سێ
شاعیری ( میهری ) ناو ـ یا سەرناو ـ لە ئەدەبی کوردی سەریان هەڵداوە

بەلام ئاخۆ ئەم سێ (میهری) یە دەبێ کێ بن ؟ چۆن و لە کوێ ؟ و لەچ سەردەمێکدا ژیاین ؟ پلەو پایەی ئەدەبیو هونەری یان لە چی دا بێت ؟ سەرنجو روانینو تەماشاکردنیان بەرامبەر گەونو ژیانو کۆمەڵو ئادەمیزادو هەستی دەروونی خۆیانەوە کوو بوو بێ ؟ دیارە لەم بوارە تەنگەبەرەدا پێمان ناکرێ ئەم هەموو پرسیارە فراوانە دەربارەی هەر سێ (میهری) وەڵام بدەینەوەو وەڵامەکەش تێرو پڕ بێ ، بۆیە هەر ئەوەندە دەکەین کە زۆر بە کورتی پەنجە بۆ تابلۆی ژیانی هەرسێکیان درێژ بکەینو نەختێ لەژیانی ئەم (مهری) یە روو بچینە خوارەوە کە دەمانەوێ بۆ یەکەم جار ژیانو چەپکە شیعرێکی بژاردەی پێشکەش بکەین ، سێ (میهری)یەکەش ئەمانەن :

یەکەم : ناوی (محمد سعید) ە و کوڕی مەلا (عبدالرحمن) ی کوڕی مەلا (یحیی)ی بە ناوبانگی مزووری یە . ساڵی ١٧٩٥ی ز لە دایك بووەو بۆ خوێندن گەلێ مزگەوتو حوجرە گەڕاوە ، لە ئەنجامدا بووە بە مفتی ئاکرێو هەر لەوێ ماوەتەوە تا لە ساڵی (١٨٨٢ ز) سەری هەمیشەیی ناوەتەوەو دوا ماڵاوایی لە ئاسمانی شینو گزەی نەسیمو بەهاری رەنگینو کولەکەنەی ئاسكو شاخی سەرکەشی کوردستان کردووە ، (محمد سعید میهری) گەلێ شیعری بە کوردیو عارەبی و فارسی بۆ کورد نووسیوە ، بەلام جێی داخە شیعرەکانی تا ئێستا کەوتووی ئەم کونو ئەو کەلێنن و هێشتا کۆنە کراونەتەوەو بە چاپ نەگەیشتوون . (١)

دووەم : ناوی (محمد)ە و کوڕی مەلا (عبدالله) ی دشەیی مفتی (سنە)یە ئەم زانا بەرزە ساڵی ١٨٨٩ لە (سنە) هاتۆتە دونیاوە ، لە ١٩ /٤/ ١٩٥٨ لە ئەستەمبوڵ کۆچی دوایی کردووە ، جگە لە شاعیری زاناو عامییەکی

(١) لە گۆڤاری - هەتاو - ژمارە (٤٤) ی ساڵی ١٩٥٥ ووتارێك لە بارەی ئەم میهری یە بلاو کراوەتەوە .

هەرە گەورەی ئەستەمبوڵ بووە . (١)

سێیەم : ناوی ( محمد شریف )ە و کوڕی مەلا ( ابراهیم ) ی کوڕی مەلا « عبدالفتاح » ی کوڕی مەلا « محمد » ی کوڕی شێخ « عبدالله » یە . ساڵی « ١٩٠٩ ز » لە شاری هەولێری دێرین ، شاری قەڵاو منارەو یەکدا چوونی داراو ئەسکەندەر ، شاری چل چراو چوار خواکەی چەپۆک تیژ هاتۆتە دونیاوە . و لە ٧ ـ ١١ ـ ١٩٤٢ هەر لە هەولێر کۆچی دوایی کردووەو لە گۆرستانی « شیخ‌الله » نێژراوە . . ئەم میهرییە خاوەنی ئەم شیعرانەیە کە لێرە پێشکەشتانی دەکەین . .

## سەروسەربردەی میهری (٢) :

« محمد شریف » میهری ، لە بنەماڵەیەکی خواپەرست و دیندار بووە ، شێخ « عبدالله » ی باپیرەی پێنجەمی پیاوێکی خواناس و بەرماڵ بە کۆڵ بووە ، لە کاتی خۆی ئیجازەی ئیرشادو شێخێتی لە « شێخ عثمان » ی خەتیبی موسڵ وەرگرتووە ، تەمەنی خۆی بەخواپەرستی بە سەر بردووە . لە دوای کۆچ کردنی ئەویشەوە کوڕو نەوەکانی ئەگەر ئیرشاد و تەریقەتیشیان وەرنەگرتبێ لە خواپەرستیدا ڕێچکەی ئەویان بەرنەداوە . میهری ـ محمد شریف ـ لەو بنەماڵە پارێزکارو خواناسە ساڵی ١٩٠٩ ی ز لە باوەشی شاری کۆنە هەولێردا چاوی هەڵێناوە . هێشتا ساوا بوو ، تازە کاکۆڵەی دەکرد کە بە ناو کتێب و قاقەزو دەویت و قەڵەم قامیشی باوکی مەلایدا دەخولایەوە ، هەر لە زووەوە چاوی لە دیتن و دەستی لە

(١) بڕوانە مێژووی ئەدەبی کوردی علاءالدین سجادی . چاپخانەی مەعاریف ـ بەغداد ـ چاپی دووەم ـ ل٥٩٩ .

(٢) بۆ نووسینەوەی بەسەرهاتی میهری سوودم لەدەستنووسی خۆی وەرگرتووە . کاك « رؤوف » ی برایشی کەلێ لایەنی لە ژیانی میهری بۆ روون کردمەوە شایەنی سوپاسە . بڕوانە ژمارە ٥ەی ساڵی ١٩٧٢ ی گۆڤاری نووسەری کورد

هەڵگێڕ و وەرگێڕ کردنی قەڵەم و قاقەز رامات . لەســـالی «١٩١٣ ز» باوکی خستیە بەر خوێندن و بۆ یەکەم جار پێی هاویشتە ناو قوتابخانە بەڵام هێندە مزگری قوتابخانەو رژێمی قوتابخانەیی نەبوو ، بۆیە زۆری پێ نەچوو رایەڵی ئاشنایەتیو دۆستایەتی لەگەل قوتابخانە پچڕا . ئیتر پشتی لە قوتابخانە کردو ئەم جارە بۆ وەرگرتنی عیلم و ئەدەبو زانیاری رووی کردە حوجرەی ئەوسای مەلایەتی کە یەکە یەکەی بڵاوکردنەوەی تیشکی خوێندەواری و هوشیاری بوون «میهری» کە ویستوویە بچێتە دونیای حوجرەو خوێندنی مەلایەتیو دەنگی تێکەل دەنگی [ئاری دەری بابە]ی نیوەشەوی بەرەیوانی مزگەوتەکانی کوردستان بێ . لە پێشدا لای باوکی دەستی پێ کردووەو قورئانو هەندێ ووردە کتێبی خوێندووە . هەر لەژێرداری باوکیدا بووە تا ســـەرفو فقهی حەنەفی خوێندووەو لە دواییدا تینوێتی خوێندن دنەی داوە کە بەوەندە بەس نەکا کە باوکی داوێپ دەیکردە دەمیەوە . ئیدی ئەوە بوو سوختایەتی باوکی بەجێهێشتو رووی کردە حوجرەکانی تری شاری هەولێر و زانیاری تەجریدو کەلامو ئوسوولی ئادابو مناظرەو مەنتیقو فقهی شافیعی خوێندووە . سەرەتا بە خزمەت مەلا شێخ یونس ئەفەندی گەیشتووە کە باش کاتبی دادگا ـ محکمە ـ ی هەولێر بوو . لەو کاتەدا بە دەگمەن وا رێك دەکەوت حوجرەیەك فەقێکانی تا ســـەر بگرێتە خۆ ، یا فەقێیەك تا سەر لە یەك حوجرەدا بمێنێتەوە . ئەو کاتە کاتی حوجرە گۆڕینو شوێن کەوتنی زانیاری بوو ، فەقێکان ئەم ســـەر تا ئەوسەری کوردستان دەگەرانو کام مەلا چاکو بە ناو بانگ بوایە خۆیان دەگەیاندێ ، تا مەراقیان دادەکەوت لە خزمەتی دەمانەوە . «میهری» ش هەوای ئەم گەرانەی پەرپە کەللە ، سەری هەڵگرتو رووی کردە شاری کەرکووك ، بەڵام بۆ ئەوە نەچوو وەکو هەڵکەکە بڵێ :

باوە کور کور باوە کور کور    کری ئووت دایم بەکور

هاتووەتە لات بە شەرمەوە        کۆرپە بخەیتە باوەشمەوە (١)

بەڵکو بۆ ئەوە چوو باوەکور کور کۆرپەی زانیاری بخاتە باوەشە . ئەوە بوو لەوێ لە خزمەت مامۆستا مەلا « طاهر » کە بە مودەریســـی خانەقا ناسرا بوو زانیاری فەلەکی خوێندو هێندەی ئەبرد ئۆقرەی لێ هەڵگیرا ، خۆی کۆکردەوەو ئەم جارە لەوێ هەڵقەناو بەرەو شەقڵاوەی بەرنساری شاخی سەفینی سەر بڵندەوە هەڵکشا ، لەوێ ماوەیەك لە لای مامۆستا مەلا « صادق » ی خوێند .. بەم جۆرە هەر لە گەڕانو وەرەو بڕۆی خوێندندا بوو تـا ( جمع الجوامع ) ی تەواو کردو ئیتر سنووری بۆ خوێندن داناو خۆی لە گەشت و گوزاری سەرسەختی فەقێیەتی کێشایەوەو رووی کردە ژیانی ئیش کردن . یەکەم جار لە مزگەفتی حاجی مەلا ( صالح ) یەجان لە هەولێر بووە ئیمام و « لە أثناى امامتیا چوار ساڵ لە محکمەی شـرعیەی هەولێر بە صفتی ملازمی دەوامی کردوە » (٢) لە پاشـدان چووە بەغداو دوای تاقی کردنەوەیەکی رەمزی بۆ مـاوەی چوار سـاڵ بوو بە مامۆستا ـ معلم ـ لە وەزارەتی زانیاری ـ معارف ـ و بە مامۆسـتایەتی رەوانەی ناوچەی ســـلێمانی کراو ماوەیەك لە قەرەداغ مایەوە . ئەگەر بەووردی سەرنج لە شیعرەکانی میهری بدەین دەبینین لە زۆر شوێندا باسی قەرەداغ و ناخۆشیو دەردو بەڵاو بێ کەسیو ئاوارەییو سەرگەردانیو کەساسی خۆی دەکا ، باسی ژیان و رابواردنی خۆی دەکا چۆن لەگەل ( پشیلەی سەگباب)و دلەبەرمێشی قەحبەباب » و « لەبەر ئێدەی مێشووڵە » دایم « لە ناوتۆزو خۆڵ »دا دەگەوزێ و چۆن گوڵی گوڵستانی هەمیشە « پەقڵو ئەرسە » و چۆن لەبەر بێ حەمامی هەمرو « بە دەن ـ ی ـ ا، چلکا رزی »وە (٣) و کام ژیان ناخۆشەو

---

(١) علاءالدین سجادی . گەشتێك بە کوردستاندا ، بەغدا چاپخانەی مەعاریف . ل ٧٩

(٢) ئەمە لە دەســـتنووسی خۆی وەرگیراوە .

(٣) ئەم رستانەی خراونەتە نێودوو کەوانەوە لە شیعرەکانی میهری وەرگیراون .



CamScanner

کام دەرد گرانە ئەم پێیەوە دەتلێتەوە :

لـەم شـاری قەرەداغە دلم هـەر وەکو داغــە
بــۆ خزمەتی دلدار دلم هـەر لە یەســاغـە

یـا خوت لەم نامەیەدا کە بۆ قانعی نووسیوە باسی دەردە دلی خۆی دەکاو دەلێ :

(١) دلم هەر وەکو داغە      لە قەرەداغی مردی (١)
(٢) منیش لـەم قەرەداغە      دلم هەر وەکو داغە

دیارە ناخۆشی‌و بێ جێ‌و رێ‌یی‌و ژووری پڕ مارو مێروو تکەی دلۆپەی نیوەشەوی زستان و دووری یارو دۆستان هەناسە بڕی کردووەو وای لێ کردووە بە درێژایی ئەم ماوەیەی لە قەرەداغ بوو هەر بە دادە داد بێ‌و بەحەزرەت ئەو رۆژە بێ کە لە قەرەداغ دەرباز بێ‌و بگەڕێتەوە ، چۆن ســالم کە چووە ئارانو تووشی ئەشکەنجە و ئازار بوو هاواری لێ هەستا :

خۆزگە ئەمزانی لە ئارانا ئەجاتــم کەی ئـەبێ
کۆی یادم مەشـــهەدە یا مەسکەنم هەر رەی ئەبێ (٢)

(میهری)ش ئاوا کەچووە قەرەداغ لەشکری خەم‌و خەفەت کەمارۆی داوئەویش لە دەست ئەم خەم‌و پەژارەوە هەر ئەوەندەی‌شك دێت دەست بۆ ئاسمان بەرز کاتەوەو لە خوا بپاڕێتەوە کە لە ئازاری دووری دەربازی بکاو بە ئاوخزم‌و دۆستانی شاد بکاتەوە :

رەبی رەحمت بێ ئەجاتم‌دە کە دەرچم لـەم زەیقەتە
ئەزیەتم زۆرە ئیلاهی من لــە شــاری غـوربەتە (٣)

بــە بێ زەحمت ئەجـاتــم دەی خــودایا
کـە دەرچــم لــە شــاری قـەرەداغـا

دیتمان «میهری» تا لە شاری قەرەداغ بوو هەستی بە بێ کەسی‌وهەراسانی

---

(١) مردی : مردوو
(٢) دیوانی سالم ، چاپی دووەم . چاپخانەی کوردستان ـ هەولێر ١٩٧٢ ل ١٤١
(٣) دەبێ بلێ «غوربەتا» بەلام بۆ قافیە قوتی کردووە .



CamScanner

دەکرد ، چەند یادی کەس و کارو کۆڕی بەزمو ڕەزمی ڕابواردنی پێشووی بکردایەوە ئاگری دەرونی پتر دەجۆشـا ، بەڵام دوای ئەوەی کە لە قەرەداغ ڕزگاری بوو و ڕۆیشت ، کارەکە پەرەوازی بووەوە . ئەمجایاد و بیرەوەری قەرەداغ لە کەللەی داو ئەمە کداری وای لێ کرد ئەگەر لە دەستی بێ هەزاران گاو کامێشی بۆ بکاتە قۆچی قوربانی :

من ئەوادەڕۆم قەرەداغ ، بیری جانانت ئەکەم
بیری بولبول بیری گوڵ ، سەروی خەرمانت ئەکەم
گەر بدەیتە دەستی میهری یەك نەفەس کامی دلی
سەد هەزاران گاو وکـامێش قۆچی قوربانت ئەکەم

« میهری » لەو ماوەی کە لە قەرەداغ مامۆستابوو ، هاتو چۆی ماڵی مفتی عەزیز ئەفەندی کردووەو لەگەڵ قانعی شاعیری چەوساوەکانی کوردستانیشدا هەڵسوکەوتیان بووەو زۆرجار بەشیعر نامەیان بۆ یەکدی ناردووە .
ئەوەتا میهری لە نامەیەکی شیعریدا وەڵامی مامۆستا قانیع دەداتەوە :

ئەیا ئوستادی پـڕ عیلم و منەوەر
ئەیا ئەی قـانیعی ڕزقی مـوقەد دەر
بەنەوعی جەفـا مەشـغوولی غەم بووم
دڵـم مەخزوون و خوێنم بوو موهەد دەر
لـە وەقتێکا کە هـاتن شیعـرەکانت
ئەمـا دەردم ، دەماغـم بوو موعەتتەر

لە نامەیەکی تریشدا بەشیعرە شیرینەکانی قانیع هەڵدەڵێ :

ناگۆڕم قـەکانت ئەی شێخ قانیعەفەندی
بەمولکی قەیسەری ڕۆم هەم بەماڵ و بەقەندی
هەرچەندە شیعرەکانت سەرنج ئەدەم بەووردی
مەستم ئەکا بەیەکدەم لە خزو مەعنای بڵندی

میهری پاش چوارساڵ مامۆستایەتی فەسڵ کرا . ئەم فەسل کردنە کارێکی زۆری تێ کرد وموچر کێکی تیژی پێدا ، ئەمیش هەستا ئەم هەستەی لە ناخەوەی هەژا بوو دایڕیشتە بۆتەی شیعرێکەوەو بەسەر ئەو کەسانەیدا نەڕاند کەدەستیان لەدەرکردنیدابوو :

بەلاّ بدا لـــە خۆتا ـ لەگەڵ موعەللیمیتان
لەسەر هەمـوو مەعاریـف تەرجیح ئەکەم مەعالیف

دوای دەرکرانی ناچار بوو بەدوای ئیشێکی تردا بگەڕێ ، ئەوەبوو چووە بەغداو لە وەزارەتی بەرگری ـ دفاع ـ فەرمانێکی کیتابەتی پێ‌رەوا دیترا، هەروەکو خۆی دەڵێ ( ئیستا لەوزارة دفاع مشغولی وظیفەی کتابتە ) «١»
کەدەکەوێتە بەغدا، ئیدی خۆی لەدنیایەکی ترو جۆرە رابواردنێکی‌تر دەبینێ:

فەلەك نادا بە دەستم قەد مـرادم
لەدەستم چوو هەرچی بۆ من مورادە
فەلەك پشتی شـكاندم وا لەبەغدا
خەریك بوون‌و تەلاشم هەموو بادە
فەلەكزولمی‌لەمن کرد وەزعی تێك‌دام
لەبەغدا بووم ئەسیری ئەهلی بـادە

بەم چەشنە میهری دوای رابواردنی ژیانێکی رەش‌و تارێك ، پڕژان‌و کەرو ئازار ، هەر بە رەبەنی تۆماری ژیانی پیچایەوەو لە ٧ / ١١ / ١٩٤٢ بەدەم ئەم دەردە کوشندەیەوە کۆچی دوایی کرد کە هێزی لەشی داچۆڕاند بوو رەنگی لە روو بڕی‌بوو . تـا مرد بەدەستیەوە هەر نـاڵە ناڵی بـــوو ئەخۆشی‌یەکەشی ئەوەبوو کەخۆی باسی دەکا :

کۆکە بەرۆکم ئەبەد بەرنادا سیحەت تۆراوە ئەبەدت سەرنادا

(١) ئەمەش هەرلەدەستنووسی خۆی وەرگیراوە . لەمەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە لەوکاتەدا ژینامەی خۆی نووسیوەتەوە کەلەبەغدابووە ، چونکە دەڵێ ( ئیستـا . . )

یا وەکو دەڵێ :

کەیشتە عەرشی ئەعلا ناڵە ناڵم — لەئازاری لەشی خۆم هەر دەناڵم
بەرۆژ هاوارو شەو گریانە حاڵم — نی‌یە مەردێ بپرسێتن هەواڵم (۱)

نەخێر ، لە (مردن) ی برا گەورە بەولاوە هیچ مەردێ نەبوو هەواڵی بپرسێ و داوو دەرمانێکی بۆپەیدا بکاو لەدەست ئەم دەردە بێ‌ئامانەیە رزگاری بکا .

## بۆئەوەی لەشیعرەکانی مەهری بگەین :

گومانی تێدا نی‌یە ، بۆئەوەی لەبەرهەمی هەر شاعیرێك یا نووسەرێـــك بگەین دەبێ ئاگاداری زۆر لایـــەنی سەردەمو مەڵبەندو ژیانی رۆژانـەی شاعیرەکە ببین تا بتوانین بە راستی بەرهەمەکەی بقرسێنین ، چونکـە ئەو سەردەمەی شاعیری تێدا دەژی پڕاو پڕی رووداوی نەتەوایەتی و نیشتمانی‌و جیهانی‌یەو هەر یـەکە لەم رووداوانە کەم‌و زۆر کار لە شـاعیرەکە دەکاو هەریەکە هەستێکی جودای تێدا دەبزوێـــنێ و دەیخاتە بەردەم جـــۆرە لێکدانەوەیەکی زەیتی‌و دەروونی تایبەتی‌یەوە . لە هەمان کاتیشدا پـەیوەندی نێوان کۆڕو کۆمەڵو دەستەو تاقمی ئەو ناوەو شـــوێنی لە دایك بـوون و هەراش بوون‌و پێ‌گەیشتنی‌و رژێمـــی فەرمانڕەواو خەسیەتی جوگرافی ئەو ناوچەیە دەوری زۆریان لە بزواندنی شاعیرەکەدا هەیــــە ، جگە لەمانەش ژیانی تایبەتی شـاعیرەکە . ، دەوڵەمەندی‌و هەژاری ، ساغی و نەسـاغی ، پەروەردە بوونی ، پایەی خێزانەکەی لە کۆمەڵدا ، بیرو رای بنـەماڵەکەی بەرامبەر بەژیان . پەیوەندی لەگەڵ دۆستو برادەرانی ، دوژمن‌و ناحەزانی ئەوجێگایانەی دیتوونی ، ئەوکەسانەی لەگەڵیان هەستاوەو دانیشتووە

---

(۱) بپرسێتن : ئەم (ن)ە ی دواوە زۆرجار لەشێوەی سۆرانی ـ مەبەست هەولێرو دەورو بەریەتی ـ دەکەوێتە دوای کرداری رانەبردووی کەسی سێ‌یەمی تاك وەکو: دەروانن ، دەخوانن ، دەپرسێنن ، میهری لەزۆر شوێنی تریشدا ئەمشتەبەکاردێنێ

ئەوانەی خۆشی ویستوون ، ئەوانەی خۆشیان ویستووە ، ئەوانەی رکی لێ بونەتەوە ئەوانەی رکیان لێ بۆتەوە . . خەسیەتە سایکلۆژی یەکانی یەکانی وەکو ، توورەیی و هێمنی ، زووگرژی و رووخۆشی ، قیچکەتەنگی و پشوو فراوانی .. ئەم هەموو شتانەو هەموو شتێکی تریش کە پەیوەندی بەژیان و پێ گەیشتنی یەوە هەبێ ئاگاداربوونیان زۆر پێویستە بۆ تێ گەیشتنی بەرهەمی شاعیرەکە ، چونکە بەرهەمەکەی زادەی هەست و سۆزو گودازی خۆیەتی ، خۆیشی بەر لە هەموو شتێ مرۆیە ، مرۆیەکە لەو کۆمەڵەی تێیدا دەژی و لەو نەتەوەو خاك و هەوایەی پێی گەیاندووە ، لەو دونیا پانەی ئادەمیزادی گرتۆتە کۆل ، لەو گەونە کۆنەی بە نیزامێکی زۆر ووردەوە دەسووڕێ ، بۆیە هەر رووداوێك بقەیەومێ و هەستی کابرا بیزوێنێ رەنگی خۆی دەڕێژێتە ناوەووەی شاعیرەکەو خۆی لەهەست و سۆزی هەڵدەسوێ .

جا ئێستا کە دەمانەوێ شیعرەکانی میهری هەڵسەنگێنین دەبێ ئەوەمان لە بیربێ کە میهری : لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ژیاوە ، لە شاری هەولێری دێرین چاوی بە روناکی هەڵێناوە . شاگردی خوێندنگا ئاینییەکانی ئەوسای مەلایەتی بووەو مەودای خوێندنی تا تەواوکردنی (جمع الجوامع) بووەو بەس ، بەگەلێ شاعیری پێش خۆی و سەردەمی خۆی متأسربووە ، لە بنەماڵەیەکی خواناس و پارێزکار پێ گەیشتووە ، سەراپای ژیانی بە نەخۆشی و ژان و ئازارو ناخۆشی بردۆتەسەر بۆیە بەرلەووی شیعرەکانی میهری بخوێنینەوە واچاکە یەکەیەکە ئەم کاریگەرانە شی بکەینەوەو بزانین داخوا تاچ رادەیەك کاریان تێ کردوەو چۆنیان بۆواندوە بۆچی زیاد لەهەموو شتێ ئەو رێگایەی گرتۆتەبەر کە گرتوونیەبەر ؟

## سەردەمی ژیانی :

میهری لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ژیاوە (۱)

(۱) لە ۱۹۰۹ ز بووەو لە ۱۹٤۲ ز وەفاتی فەرمووە .

ئەوانەی خۆشی ویستوون ، ئەوانەی خۆشیان ویستووە ، ئەوانەی رکی لێ بونەتەوە ئەوانەی رکیان لێ بۆتەوە . . . خەســـــیەتە سایکلۆژی یەکانی یەکانی وەکو ، تووڕەیی و هێمنی ، زووگرژی و ڕووخۆشی ، قیچکەتەنگی و پشوو فراوانی .. ئەم هەموو شتانەو هەموو شتێکی تریش کەپەیوەندی بەژیان و پێ گەیشتنی یەوە هەبێ ئاگاداربوونیان زۆر پێویستە بۆ تێ گەیشتنی بەرهەمی شاعیرەکە ، چونکە بەرهەمەکەی زادەی هەست و سۆزو گودازی خۆیەتی ، خۆیشی بەر لە هەموو شتێ مرۆیە ، مرۆیەکە لـەو کۆمەڵەی تێیدا دەژی و لەو نەتەوەو خاك و هەوایەی پێی گەیـاندووە ، لـەو دونیا پانەی ئادەمیزادی کرتۆتە کۆل ، لەو کەونە کۆنەی بە ئیزامێکی زۆر ووردەوە دەسووڕێ ، بۆیە هەر ڕووداوێك بقەیەومێ و هەستی کابرا ببزوێنێ ڕەنگی خۆی دەڕێژێتە ناوەوەی شاعیرەکەو خۆی لەهەست و سۆزی هەڵدەسوێ .

جـا ئێستا کە دەمانەوێ شیعرەکانی میهری هەڵسەنگێنین دەبێ ئەوەمان لە بیربێ کە میهری : لە نیوەی یەکەمی ســــەدەی بیستەمدا ژیاوە ، لە شاری هەولێری دێرین چاوی بە روناکی هەڵێناوە . شاگردی خوێندنگا ئایینی یەکانی ئەوســـــای مەلایەتی بووەو مەودای خوێندنی تا تەواوکردنی (جمع الجوامع) بووەو بەس ، بەکەڵێ شاعیری پێش خۆی و سەردەمی خۆی متأسربووە ، لە بنەماڵەیەکی خوانأس و پارێزکار پێ گەیشتووە ، سەراپـای ژیانی بە نەخۆشـــــی و ژان و ئازارو ناخۆشی بردۆتەسەر بۆیە بەرلەووی شیعرەکانی میهری بخوێنینەوە واچاکە یەکەیەکە ئەم کاریگەرانە شـــی بکەینەوەو بزانین داخوا تاچ رادەیەك کاریان تێ کردوەو چۆنیان بۆواندوە بۆچی زیاد لەهەموو شتێ ئەو ڕێگایەی گرتۆتەبەر کە گرتوونیەبەر ؟

## سەردەمی ژیانی :

میهری لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ژیاوە (۱)

---

(۱) لە ۱۹۰۹ ز بووەو لە ۱۹٤۲ ز وەفـاتی فەرمووە .

ئەو ڕووداوانەی دیوە کە لە جیهاندا بە گشتی و لە کوردستاندا بە تایبەتی قەوماونو کاریان تێ کردووە ، ئەم ڕووداوانە : هەردوو جەنگی جیهانی ، بە تایبەتی جەنگی دووەم کارێکی زۆری تێ کردووەو لە شیعرەکانیدا هەرگیز دەمی لە باسی کارەساتەکانی ئەم جەنگە بە شەر خۆرە ناکا،وێو جگە لەم دوو جەنگەش شۆڕشو ڕاپەڕینە ڕزگاریخوازەکانی کوردستان دژی ئینگلیزی داگیرکەر ، وەکو شۆڕشەکەی شێخ مەحموودی حەفید زدەو شێخ عبدالسلامو سمکۆ شکاکو شێخ سەعیدی پیرانو دکتۆر فوئادو هاوڕێکانی ، ئەم هەمەوو شەڕو شۆڕشانە ئاسۆی بیروایێکدانەوەیان کردەوەو هانیاندا بۆ ئەوەی وەك نیشتمانپەروەرێکی جەرگ سۆز هەولی ڕزگارکردنی وولاتە خۆشەویستەکەی بدا کە لە ژێر چەپۆکی قورسی چەوساندنەوەی چینایەتیو دەستدرێژی‌ی نەتەوایەتیو پێ درێژی ئیمپریالیزم ئینگلیزی دەرزایەوە ، بە درێژایی تەمەنی ئەدەبەکەی کردبوە چەکێکی بڕندە لە خەباتی عادیلانەی نیشتمانەکەیدا . .

کە سەیری کردووە باری وولات شێواوە . ئینگلیزە داگیرکەرە چاوچنۆکەکان لە هەموو لایەکەوە خێرو بێزی هەڵدەمژنو خوێنی فڕ دەکەن . . دەڵێ :

وەها شێواوە ئەوزاعی وەتەنمان
کە ئیسلاحی بە گشت کەس هەر مەحالە
مەگەر دلسۆزی ئەم قەوم و وولاتە
حەفید زادە کە ( محمود ) ، الفعالە
ئەوەی شێرانە زۆر ژیرو هونەرمەند
دلێرێکە لە دونیا بێ میسالە

واتە بە زاندی ئیمپریالیزمی ئنگیزی‌و ڕزگاری کوردی لە دوو چاوی شێخ مەحموودی حەفید زادەدا دەدی کە غەمخۆری ڕاستەقینەی وولاتی خۆی بوو ، بەڵام ئەوەی یەکجار زۆر کاری تێ کردووە جەنگی دووەمی جیهانی‌یە ، لە زۆربەی شیعرەکانیدا باسی دواکەوتنی ئەم جەنگە دەکاو

لە دڕندایەتی هیتلەرو مۆسـۆلینی‌و هاوپەیمانە بێ مروەتەکانیان دەدوێ‌و ڕسوایان دەکا ، رووی ڕەشیان پیشانی خەڵك دەدا ، چونکە ئەم ئەندوارە گەرمەی جۆشیاندا سەراپای دونیای سوتاندو پروشکی گەیشتە هەمو بوستە خاکێکی ئەم دونیایەوە ، ( هیرۆشیما ) و ( ناگازاکی ) دڕندانەترین چەکی دەست بنیادەمیان بۆ تاقی کرایەوە ، بەڵام لە ئەنجامدا ئەم باروودەی هیتلەوە بۆ قڕ کردنی مرۆڤایەتی دایگرتبوو لە هەناوی خۆیدا تەقی‌یەوە و گۆڕ بەگۆڕ کرد ، مێهری زۆر لە دەست ئەم زوڵمەی هیتلەر بە دادە داد بووە :

وەتەن مەحزوونی ئۆمە — بە سەد دەردو قوڕ پێوان
دەردی ئەم‌حەربەش بووە — عەلاوەی هەموو دەردان
عالەمی خستە خەتەر — هیتلەر زەعیمی ئەلمان

یا لە چوار خشتەکی‌یەکدا دەڵێ :

بناوی نی‌یە ئەم عەسرە ئەبەد ساحیبی عیرفان
گوزراوی خەمی پارەیە هەرکەس ، نی‌یە خەندان
بۆیە سەبەبی ئەشویشی خەلق هیتلەری ئەلمان
بێچارەیە وا رووی لە مەیدان دڵی من

یا دەڵێ :

ئەم هیتلەرە چۆن ئاگر دەبارێنێ بە سەرما
ئەم عالەمە گشت قڕ بوو چ بە تۆپ‌و چ بە سەرما

جگە لەوەی مێهری باسی ئاگر بارانی هیتلەر دەکا ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێ یا ئەوەشمان پێ دەڵێ کە ئەم دێڕە شیعرە ساڵی ١٩٤١ کوتراوە . ئەو کاتەی هەڵچوونی کەف و کوڵی تاوانەکانی هیتلەر لەگەڵ سەرما بەناوبانگەکەی ئەو ساڵە خۆی لێك داوە ، وەك ئەوەی ئاو و ـ هەواش پشتی هیتلەر بگرێ بۆ ئەوەی بە هەردوولا عالەم قڕ بکەن . . . ئەم سەرما بەناوبانگەش کە باوك‌و باپیرانمان دەیگێڕنەوە ساڵی ١٩٤١ بووە .

ئەوەتا میهری لە دێرە شیعرێکی تردا دەڵێ :

سەرما لە چلو یەکدا کارێکی بە من کرد

فرقەت بەرەزا ، جانانا بە عوشاقی تۆ ناکا (۱)

بەم جۆرە رۆژ بە رۆژ تا ئاگری جەنگ بەرزتر دەبێتەوەو دونیا لەناو گڕو گواڵەو خوێن نقووم دەبێ . میهری ترسی زۆرتر لێ دەنیشێ و بەگوێرەی بیروباوەری خۆیەوە هانا بۆ دەرگەی ( کەســـی بێ کەسان ) دەبا و لێی دەپاڕێتەوە دەروویەك لەم خەڵکە بێ تاوانو بەسەزمانە بکاتەوە :

عالەم ئەمرۆ کە بە ئاگر هەر بە جارێ قڕکران

رەبی رەحمەت بێ بەبێ حەد مستە حەققی شەفقەتە

دیارە ئەم هەموو رووداوانە کارێکی توندو تیژیان لە میهری کردووەو ئاسۆی بەردەمیان تراوان کردووەو وایان لێ کردووە هەست بە ئێش و ئازاری مرۆڤ بکات و لە سەر تەفروتوناکردنی توخمی بنیادەم وە دەنگ بێ و ئاوڕێکی دڵسۆزانە لە نیشتمانە ئازیز و لە بیرکراوەکەی خۆی بداتەوە و لە دەست پاشەکەوتنی یەوە بکەوێتە ئاهو نـاڵە :

لە بەر پاشـــکەوتنی تۆیە عەزیزم

بە شـــەو تاکو بەیانی ئاهو ناڵەم

بەتایبەتی کە دەبینێ هۆی سەرەکی ئەم دواکەوتنەش تەمەعکاری و چلێسی و شوێن پوول کەوتنەو نیشتمان کەوتۆتە بەردەستی دەلالان ـ مەبەستی ئینگلیزە ـ :

---

(۱) میهری لێرەدا هونەرێکی ووردو نەزاکەتێکی ئەدیبانەی جوانی نواندووە ئەوەکرو کارەساتەی سەرما بەمی کردووە بەو غەمو دەردەی چواندووە کەفیراقی یار بە شێخ رەزای کردووە :

کارێ کە غەمو دەردی فیراقت بە منی کرد

سەرما بە هەتیو ، یا بە دەواری شڕ ناکا .

دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی ـ چاپی دووەم . ل۱۰

وەتەن سەر پاکی ئێ مننەت فرۆشـــا
بە وەعدەی بێ ســـەرو ماڵ و ریاڵــە
هەموو رۆژێ بـــە نەوعێ ئەیفرۆشـــن
وەکو ماڵێك لە ناو دەســـتی دەلالــە

میهری زانیویە هەموو میللەتێکی ســەر رووی زەوی خاوەنی خاك و خێرو بێری خۆیەتی و بەری رەنجی خۆی بە خۆی دەخواو کەس پارووی لە ناو دەم نافڕێنێ و بەردەمی ئارەقەو خوێنی نادرێ . تەنیا میللەتەکەی ئەو نەبێ دەرچاری دەردە بێگانە بووەو لە هەموو لایەکەوە لێکی دەپچڕێنێتەوە :

خوداوەندا دەخیلت بم هەتا کەی حاڵەتم وا بێ
وەتەن داخی لە بۆمن بێ لە بۆ خەڵق بێ گوڵستانی (١)

ئیدی هاونیشتمانیەکانی هان دەدا بۆ ئەوەی لە چاوی ئیمپریالیزم و نۆکەرو ئەلقە لە گوێکانی بچەقێ و بەربەرەکانێی بیروباوەڕی کۆنەپەرستی و شۆڕشێ بکەن و لــە چاوی مار نەکەرێنەوە . کەواتە میهری بە هۆی ئەم هەموو رووداوانەوە کە لە سەردەمی ئەودا مەرێزەیان دەکەیشتە کاکێشانی فەلەك و بە هۆی ئەو زروفەوە کە ئەوسا کوردی تێدا دەژیا وای لێ هات کە ببێ بە ئیشـــتمانپەروەرێکی دڵسۆزو بە شیعرو نووسین و ئامۆژگاری داکۆکی لە وولاتە شـــیرینەکەی بکا .

## میهری کەوتۆتە بەرکاریگەری کام شاعیرەوە ؟

کوتمان ( میهری ) بۆ خوێندن کەلێ شوێن گەڕاوەو زۆر مەلاوحوجرەی کۆڕیوە ، لەم گەڕانەدا کەلێ قسەی بە تونکل و جنێوی بە پەردەو پلاری

(١) ئەم دێڕە شیعرەی میهری رەنگدانەوەی فەلسەفە قووڵەکەی بابا تاهیری هەمەدانیە کە لە چوارینەیەکیدا دەڵێ :

گوڵی کە خۆم بدا بەم پێچ و تابەش
بــە دەرگاهی رەوا بـــود کوڵ ئەزمو ، دیکەری کیرکولاوەمە

بە ئابی دیدەکانم دادە ئابەش

شێرزو کۆنانەی بە لەزەت و شەرە شیعری دیوە ، بە حوکمی بڵاوبوونەوەی شیعری کوردی بە ناو فەقێکانی کوردستاندا ئەویش شیعری کەلێ شاعیری کلاسی پێکەیشتووە و ناموجێژی لێ وەرگرتووەو لە بەریشی کردوون ، ئەگەر سەرنجێکی سووك لە شیعرەکانی بدەین بۆمان دەردەکەوێ کە کەوتۆتە بەر کاریکەری کەلێ شاعیری وەك بابا تاهیرو نالی و بێخودو حەریقو شێخ رەزاو وەفاییو کوردیو قانیعو حاجی کۆیی و مەلای گەورەو زێوەرو زۆری تریش . لێرەدا وا بزانم پێویست ناکا پەنجە بۆ هەموو شوێنێکی ئەم کار تێکردنە درێژ بکەینو دێر بە دێر پێ دا بچین ، چونکە لەمە دڵنیاین کە خوێنەر خۆی لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکاندا هەستیان پێ دەکا ، بەتایبەتی کە لە هەندێ شوێندا ئەم کارتێکردنە زۆر زەق و رەق دیارە ، لێرەدا هەرئەوەندە دەکەین هەندێ نموونەی ئەم کارتێ کردنە دەخەینە بەرچاو وبەس:

١ ـ میهری سەراپای ژیانی یەك پارچە خەمو مەینەتو دەغەزاری بوو ، بۆیە خۆی بە رەئیسی ئەرکانی خەم دادەنێ :

لە ناو تابووری غەمدا         رەئیـــسی ئەرکانم

ئەگەر وەسیەتنامە بە نرخەکەی (کوردی) مان لە یاد بێ ، ئەم دێرەمان دێتەوە بەرچەرخی خەیاڵ کە (کوردی) خۆی بەسەرکردەی لەشکری غەم دادەنێ :

منم سـەرکردەتان بۆ لە شکری غەم
دەترسم من بڕۆم بێ‌کێ سوپاتان (١)

میهری لە شوێنێکی تریش کەوتۆتە بەر کاریکەری (کوردی) . (کوردی) یارەکەی خۆی ئەوەندە لا خۆشەویست بووە ، ئەگەر بیانکردایە سەرپشك لە نێوان بەهەشتو وەسلی یار ، بەهەشتی نەدەویست :

گەر موخەییەر بم لە مابەینی بەهەشت و وەسلی یار
وەسلی تۆ بۆمن ، جەهەننەم پڕ لە جەننەت . نامەوێ (٢)

---

(١) دیوانی کوردی ـ چاپی هەولێر ـ ٥       (٢) دیوانی کوردی ـ چاپی هەولێر ـ



CamScanner

(میهری)ش خۆی هاویشتۆتە هەمان هەڵویستو هەمان شتیشی هەڵبژاردووە:

ئەگەر بێتو موخەییەر بم لە بەینی وەسڵەتو جەننەت
ویسالی تۆ لە بۆمن بێ ، ئەبەد قەت نامەوێ جەننەت

٢ - نالی - شاسواری بەلاغەتی کوردان - یش زۆر سەرنجی میهری بۆ لای شیعرەکانی خۆی راکێشاوە ، چکە لەوەی شیعرێکی نالی کردووە بە پێنج خشتەکی (١) لە شوێندا دەستەو پەنجەی شیعرەکانی نالی ، بە روخساری شیعرەکانی میهرییەوە دیارە . یا خود زۆرجار هەول دەداو کتەیەکی نالی وەر بگرێ بەڵام لە چاو شیعرەکانی نالیدا (ناوێنەیەوەک ئاکری بێ شەوقە) . . .
لە شوێنێکدا نالی پەشێوی وەزعی خۆی بە شێوانی پەرچەم پەشێوان دەچوێنێ :

مەکە لۆمەی پەشێوی دل کە ئەمەیە و
پەشێواوە لە بەر پەرچەم پەشێوان (٢)

ئەم دیمەنە زۆر جوان کەوتۆتە بەر دلی میهری بۆیە لە زۆر جێگا دا دەیلێتەوە بەڵام بە لاوازی :

حالم پەشێوە روشـدی لە بەر پەرچەم پەشێوان

یا وەکو ،

شەریفی بەد بەختی دائیم پەشێوە
وەك ئەگریجەی یار شێواوە حالی

بێجگە لەمەش نالی لە دێرە شیعرێکدا وێنەیەکی جوانی کێشاوە دەڵێ چۆن شووشە کە لە سەد لاوە شکا ئیتر ئاوی تێ داناوەستێ دلی منیش ئاوا

(١) بروانە ئەم کتێبە بەشی ( پێنج خشتەکی )
(٢) دیوانی نالی چاپی دووەم چاپخانەی کوردستان - هەولێر - ١٩٦٢ ل ٣١
هەروەها دیوانی نالی ، مەلا عبدالکریمی مودەرسیو فاتح عبدالکریم لێداچوونەوەی محمدی مەلاکەریم بەغدا - چاپخانەی کۆڕ ١٩٧٦ ل ٣٢٠

لە بەر ئەوەی تۆ سەد جار لە سەد لاوە شکاندووتە ئەو خوێنەی تێ یدایە دەڕژێ‌و دەبێتە فرمێسکی خوێنین‌و لە چاوەکانم سەر دەکا :

چۆن ئەگریم سەد کەڕەتم دل دەشکێنی
مەی چۆن ئەڕژێ شووشە لەسەدلاوە شکاوە (١)

بە راستی هونەرمەندو وەستای چاك هەر وا دەبێ . ئەم دیمەنە جوانو بێ وێنەیە سەرنجی مێهری راکێشاوە بۆیە هەمان شتی لە دێرە شیعرێکدا باس کردووە بەڵام زۆر بە ساردی :

دەزانی بۆچی مێهری پڕ خەیالی    کە شووشەی دل لەسەد لاوە شکاوە

**٣ ـ حاجی قادری کۆیی** دوای ئەوەی دارو دیاری بە جێ هێشـتو رووی کردە ئەستەمبول ، لەوێ نامەیەکی شـیعری بۆ حاجی مەلاعەبدوللای جەلی‌زادە ناردولەنامەکەدا یادی رۆژانی پێکەوە رابواردنی وەبیر دێنێتەوە :

وە بیرت دێ زەمانێ چووینە باڵەك
بە پێ خاوسی ، نەکەوشم بوو نەکاڵەك (٢)

( مێهری ) ش کە لە ماڵەوە بە دوور دەکەوێ و بە مامۆسـتایی رەوانەی قەرەداغ دەکرێ ، لەوێ یادی دۆستو برادەرانی دەکاتەوەو نامەیەك بۆ مەلا رەشیدعەبدی برادەری دەنێری وەکو نامەیەکی حاجی رۆژانی دێرینی دێنێتەوە یاد

بە فیکرت دێ لە مزگەوت    دادەنیشتین لە سەربان
چەند حیکانەتی خۆش خۆش    دەستت دەکردەوە کێڕان (٣)
سەد حەیف و سەد موخابن    چۆن دووری کردین زەمان

---

(١) دیوانی نالی چاپی هەولێر ل١
(٢) دیوانی حاجی قادری کۆیی ، چاپی هەولێر ل٨٧
(٣) دەبێ بڵێ (کێڕانەوە) نەك (کێڕان) بەڵام دیارە کەوتۆتە بەرکاریگەری شێوەی ناو هەولێرو قافیەش وای لێ ویستووە .

٤ ـ بێخودی شاعیر یەکێ لە شیعرە بەناوبانگەکانی ئەم شیعرەیە کە لە کۆمەڵێ چوار خشتەکی پێك هاتووەو باسی ئاوارە بوونی دڵی خۆی دەکا ، لە یەکەم چوارینەیدا دەڵێ :

ئـەو رۆژەوە رۆیشـــتووە ئۆراوە دڵی من
هەر چەند ئەگەڕێم بێ سەروشوێن ماوە دڵی من
ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرســـاوە دڵی من
یا خۆ بە چ داخێکەوە ســـووتاوە دڵی من (١)

( میهری ) ش لە سەر هەمان کێش و قافیەو بە هەمان هەست و سۆزەوە باسی ئاوارە بوونی دڵی بێ ئۆقرەی خۆی دەکاو لە چوارینەی یەکەمدا دەڵێ :

لـەو رۆژەوە رۆیشـــتووی ئالآنە دڵی من
پڕ دەردو غەم و قەهرەو و حەیرانە دڵی من
مەدهۆش و پـــڕ ئەفغان و بریندارە دڵی من
ســـووتاوی سۆزەی تۆیە و بریانە دڵی من (٢)

بەم چەند نموونە سەرپێی‌یەو بەم چەند شاعیرە وازدێنین چونکە مشتێ نموونەی خەرواریکە و لـەم نموونانەدا بزمان ساغ دەبێتەوە کە میهری چۆن کەوتۆتە بەر کاریگەری شـاعیرانی پێش خۆی‌و تا چ رادەیەك ئەم کاریگەرە لە شیعرەکانی رەنگی داوەتەوە . . .

## میهری و نەساغی و نەبوونی :

میهری بە درێژایی تەمەنی لە دەست بێ سیحەتی‌و دەردو بەڵاو ژانو ئازار واوەیلای بوو ، ئەو نەخۆشی‌یەی چرنوکی تیژە لە سیپەلکەکانی چەقاند بوو ئارامی لێ هەڵگرتبوو ، شەوتا

(١) محمدی مەلا کەریم ـ دیوانی بێخود ـ بەغدا ـ ١٩٧٠ چاپخانەی سلمان الاعظمی ل٦٦
(٢) بۆیە ئەم واوی هەتفەم بە دوو واو نووسین چونکە بۆ هاتنی کێشی شیعرەکە دەبێ بە قورسی بخوێنرێتەوە .



CamScanner

بەیان لەگەڵ ئاهو ناڵەداگەوزی، دەدا ، بێ گومان یەکێ تووشی ئەم دەردە ترسناکە بووبێ و مەرگ و مردن بە هەموو دەمێ هەڕەشەی لێ بکا لێی ناگیری ئەگەر بە چاویلکەیەکی ڕەش تەماشای دونیا بکات و ئەم دونیا ڕوون و فراوانەی لێ وە تەنگ بێ و خۆشی و بەختیاری بە یەکجاری لێ بتۆری :

عەجەب پڕ شۆڕ و پڕ دەردە دەروونم
لە دەست ئەم دەردە یاران زۆر زەبوونم

ئەخۆشییەکەی لێ پیر دەبێ و ڕۆژ بە ڕۆژ پتر تەنگەی پێ هەڵدەچنێ و خوێنی دەمژێ تا ڕەنگی لە ڕوو دەپڕێ و شەنگی لە بەردا نامێنێ و دەبێتە بەخسیری ژوور و دۆشەک و بالیفەوە .

بە دەرد ئەمڕۆ کە زەرد بوو ڕەنگی سوورم
لە بەرچی من لە سیحەت هێندە دوورم
لە من سیحەت بە جارێ بوو بە عەنقا
ئەسیری دۆشەک و بالیف و ژوورم

کە هەست بێ دەکا کۆخە سیپیەکانی ڕزاندووە و لە پەل و پۆ کەوتووە و پێی ناکرێ پێیەک لە دۆشەک و بالیف جودا بێتەوە ، دوای ئەوەی تا شل دەبێ لە خوا دەپاڕێتەوە و دەردەکەی هەر لە کۆڵ نابێتەوە ، ئیدی ڕەشبینی و نائومێدی دەروونی هەڵدەچنێ و دەکاتە بۆپە ، ئاوات بە مردن دەخوازێ و بێزاری بەمە پیشان دەدا ئەگەر عیزرائیل بێ و بە مردنی شاد بکا زۆر زۆر منەتباری دەبێ :

ئەگەر بمرم ، ئەجاتم بێ لە دونیا
لە عیزرائیل گەلێ منەت گوزارم

نازانم کە ( عیزرائیل ) یش چووە خزمەتی و داوای گەورەترین باجی ژیانی لێ کرد ئەوکاتەش هەر منەت باری بووە یا وەکو

کابرای بار بە کۆڵ - لاڤۆنتێن - ی بە سەر هاتووە . (١)
بێ گومان ئەم ناخۆشییە دەورێکی باڵای هەبووە بۆ ئەوەی مێهری ئەم باوەڕە ڕەشبینانەی بێ و بەم چەشنە لە ژیان کەوەڕێ بێ ، هەر سەبارەت بەم ناخۆشییەشە دونیای لە بەر چاو تاری بووە ، هەموو کەسی بەخراپە کار بینیوە و لە شیعرێکدا هەموو کەس بە خراپ دادەنێ و داوامان لێ دەکا خۆیان لێ لابدەین ، هەر لە ( دۆست و ڕەفیق و خوێش و یاران و جاهیل و ریاکار و ئەنواعی درۆزن و ساختەچی و بەدگۆ و موڵحید و .. ) تا دەکاتە ( خۆنەناس و نەبلەهو نادان و ..... ) تا دەکاتە ئەوەی :

موختەسەر تەرکی هەموو ئەسنافی دونیا تۆ بکە
دوو لەقاپی ئالی هاشیم ، وە هەم عەونان بکە

بۆیە خۆزگەی بەکاول بوونی ئەم دونیایە خواستووە کە بە درۆزن و پیس و ساختەبازی کەوتۆتە بەر چاو :

دونیا کە بێتەو پڕ بێ لە دەرد و زیللەت و قەهر
لە فقر و ئیحتیاجی ، پڕ بێ لە شۆڕش و شەڕ
لە غەدر و زولمی باڵا بە ژێر دەستەیی فەقیر
یاخوا ! بڕوخێ ، بڕوا ، کاول بێ سەراسەر

هەر ئەم ناخۆشی و نەبوونییە شەوای لێ کردووە هاتنە دونیای ئادەمیزاد بە تاوان بزانێ ، لەو باوەڕەدایە باوکی تاوانی کردووە کە ئەمی تووشی

(١) کابرایەکی بار بە کۆڵ زۆر ماندوو دەبێ و لەخۆی وەڕس دەبێ و بانگی عزرائیل دەکا بێ گیانی لێ بسێنێ و بحەسێنێتەوە ، دەم و دەست عزرائیل لە سەری حازر دەبێ ، کە کابرا چاوی پێ دەکەوێ دەشلەژێ و دەڵێ بۆیە بانگم کردی کۆڵەکەم بە پشت دا بدەیتەوە . زێوەر ئەم چیرۆکەی بە شیعر کردووە بە کوردی .. بڕوانە بەشی یەکەم - دیوانی زێوەر - سۆزی نیشتمان ل٨٢ _ ٨٣



CamScanner

دونیا کردووەو پەیمانی داوە ئەو کەسی تووشی ئەم دەرد و ژان و چەرمە سەرانەیە نەکا :

ئەوا بابم منی تووشی هەراکرد ئەمن نەمویست کەسێ تووشێ هەراکەم (١)

هەر بۆیەش ژنی نەهێناو هەر بە رەبەنی مایەوە . . .

بێشك شان بە شانی ئەم نەخۆشییە پیسە نەبوونی و هەژاری و دەست کورتی دەورێکی زۆری گێڕاوە بۆ ئەوەی بەم چەشنە کۆشەگیر و کەف زەنان و دوورە پەرێز بوەستێ .

کەواتە نابێ دەوری هەژاری پشت گوێ بخەین لە بەرچاو تاریکی شاعیرو بگرە دەتوانین بڵێین ئەم هەژارییە هۆیەکی گەورە بووە لە هۆیەکانی تووش بوونی بەم نەخۆشییە کوشندەیەی تاقنیاتی لەبەر نەبڕی وازی لێ نەهێنا .

**ئەنجام ١ –** لەم کورتە باسـەدا بۆمان دەرکەوت مێهری لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ژیاوە ، لە کوردستان گەورە بووە ، ژیانێکی پڕ نەبوونی و نەخۆشی رابواردووە ، لە رێڕەوی تاقی کردنەوەی شیعریدا سەری بۆلای گەلێ شاعیر لار کردۆتەوە . بۆیە ئەم رووداوە جیهانیو نیشتمانیو نەتەوەییانەی لەو کاتەدا قەوماون کاریان تێ کردووەو هەستیان بزواندووە ، دەرکی بە ئازاری خۆیو توخمی مرۆڤ کردووە و دژی سەرچاوەی ئەم ئازارە جەنگاوە ، لە هەمان کاتیشدا ئەو نەخۆشی و دەست کورتییەی سنگوڕکی گرتبوو کاری زۆری تێ کردووەو وای لێهاتووە رەشبین بێو بگرە جارووبار خۆزگەش بە مردن – بەزین – بخوازێ ،

---

(١) لێرەدا زۆر کەوتۆتە بەر کار تێ کردنی شاعیری کوێری عەرەبی – ابو العلاء المعری – یەوە ، ( ابوالعلاء ) لە ئەنجامی نابینایی ئەوهەستەی تێدا پەیدا بووەو باوکی خۆی بە تاوانبار زانیوەو – بەرای خۆی – تاوانی ژن هێنانو منداڵ بوونی دووپات نەکردۆتەوە :

هذا جناه أبي علي ولم أجن على أحد .

بۆ ئەوەی لە دەست ئەم ئازارە نالەبارە بسێنێتەوە

٢ ـ لە خوێندنەوەی ووردی شـــیعرەکانی میهری بەمە دەگەین لە هەندێ شوێندا دارشتنی هونەری کزو بێ هێزە و لە هەندێ شـوێنی تردا لاسایی شاعیرانی پێشوو دەکاتەوە ، بەلاّم لەگەل ئەوەشـــدا زۆر بە راستگۆیی لە هەستی خۆی دەدوێ ، بۆیە چاك وایە بەگیانێکی مەوزوعیانە تەماشای شـیعرەکانی بکەین ئەوەندەی شـیرینی بکەین قووت بدرێ ، ئەوەندە تالیشـــی بکەین فرێ بدرێ ، واتە ئەلەخۆراییی بە شان و بالی هەلبدەین و نە بەلاشیش بیشکێنینو شیعرەکانی بێ گوم بکەین .

٣ ـ میهری شـــیعری بەکوردیو عەرەبیو فارسیو تورکی هەیەو نزیکەی هەزارو حەفتســـەد دێرە هۆنراوەی داناوە ، زۆربەیان کوردین ، ئینجا عەرەبیو پاشان تورکیو لەدوای هەموویانەوە فارسی (١) .

٤ ـ دوای نووسینەوەی شـــیعرەکان مایەوە سەر هەلبژاردن و رێکخستنی بەشێکیان بۆ چاپ ، چونکە گرانی چاپ ماوەی نەداین هەموو شـــێوە کوردیەکانی چاپ بکەین چ جای شیعرە عارەبیو تورکیو فارسیەکانە ئیدی ئەوە بوو لە شـــیعرە کوردیەکان ئەم چەپکەمان هەلبژاردو بەم شێوەی خوارەوەمان رێکخست کە ئومێدەوارین جێی رەزامەندی بێ :

بەشی یەکەم : شیعری نیشتمانیو نەتەوایەتی

بەشی دووەم : شیعری کۆمەلایەتیو دەردە دلو دلداری

بەشی سێیەم : پێنج خشـــتەکی

بەشی چوارەم: چوارینو تاكو رەکەزو نیوە دێر

بەشی پێنجەم : نامەکان

---

(١) بۆ ئەوەی پتر ئاگاداری بەرهەمەکانی میهری بیت ، تکایە بروانە ـ لاپەرەیەکی شاراوە لەمێژووی ئەدەبەکەماندا ، لەگۆڤاری نووسەری کورد ژمارە (٥)ی سالی ١٩٧٢ ل ٥ ـ ١٢ لەوێ بەدوورودرێژی وەسفی دەستنووسی وشیعرەکانی میهری کراوە

خوێنەری بەڕێز ئیدی ئومێدەوارم ئەم دیوانەی میهری بە ڕوویەکی خۆشەوە وەربگریت و جێگەی خۆی پێ بدەیت لە مێژووی ئەدەبی کوردیماندا .. ئیتر فەرموون ئێوەو شیعرە بژاردەکانی میهری ؟

عەزیز گەردی
ـ هەولێر ـ ١٩٧٣/٩/٥





CamScanner

# بەشـــی یەکەم

## شـــیعری نیشـــتمانی و نەتەوایەتی

### -١-

وەتەن مانـم ، وەتەن بۆ تۆ حەزینم
وەتەن بمـــرم ، وەتەن بۆ تۆ ئەمینم
فیـدای تۆیـــە هەموو لاوی وولاتم
بە بێ تۆ ئەی وەتەن بۆچیمە ژینـــم
وەتەن ! بێ نووره دیدەم ، بێ قەرارم
وەتەن بۆ تۆیـە من ئـاهو ئەنینـــم
لە ســـینەمدا دەسووتێ بۆ تۆ ئـاگر
لە بۆ تۆ بە دایم من هەر لەشـــینم
وەتەن مەفتوونتم ، مەحبووبمی تـــۆ
وە هیوامی ، ئەتـــۆی حافیزی دینـــم (١)
ئەتۆی هێزم ، ئەتـــۆی قووەتی وجوودم
ئەتۆی چاوم ، ئەتـــۆی بـاڵی فڕینم
ئەتۆی ڕووحم ، ئەتۆی ڕەمزی نەجاتم
ئەتۆی مەرهەم لـــە بۆ زام و برینم
بە تۆ بەرزم ، بە تۆ من سـەر بلندم
ئەتۆی مـالم . ئەتـــۆی تـاج و نگینم
ئەبەد نـابێ بە دلما من کەسـاسـیم
کە تۆ بەرزو بـە سـەروەت من ببینم

---

(١) مانەی ( وە ) لە سەرەتای ئەم نیوە دێڕەوە شتێکی جوان نی یە

ژیانی مــن بــه قوربانی وەتەن بێ
فیدایە بــۆ وەتەن روحی شــیرینم
لە بەر زیللەت ، کەسادی ، نامرادی
لە چەرخی کەچ بە غایەت من لــەتینم (۱)
دلێرانی وەتەن یـا تێ بـکۆشــن
لــە بۆ دەفعی هەموو حەملەی زەمینم
بکوژلین چاوی ، دوژمن دەر بە دەر کەین
هەچی هەیتی لــەگەڵ مەزرەکینــم
لەگەل میهری وەرن یادەستلەدەست کەین
لـە دلســۆزی هەمووتان من ئەمینم
ئەگەر جـانا بکوژرێم ، ناوی خۆشــت
لە ســەر ئەرزا دەنووســرێ من بەخێنم (۲)
دیغاعی حەققی تۆ ، پاســی حدوودت
وەتەن ا فەرزە لـە ســەر تا بمێنم
لە پارس چیمە ، من چیمە لە گەنجی
ئەتــۆی گەنــجم ، ئەتــۆی رەزینم

— ۲ —

وەتەن ، بۆ تۆ بە دایــم من دەنالم
وەتەن ، بۆ تۆ پەشـێوە وەزع و حـالم
دەم و سـاعەت لـە بۆ تۆ هەر نەسـاغم
لــە بۆ تۆیــە گریەنی مانگ و ســالم

---

(۱) نیوەی یەکەمی ئەم دێڕە لە پەراوێزی دەستنووسەکەدا بەم جۆرە نووسرابوو : لە بەد بەختیو کەسـاسی نیشتمانم
(۲) خێن = خوێن

وەتەن ، تۆز و غوبارت عەترە بۆ من
لە تەمموززا ئەتۆی بایی شەمالم (١)
لە زستانا ئەتۆی گەرمی وجوودم
بە تۆیە ، هەر بە تۆ ، دەفعی مەلالم
بە ـ ابن خلکان ـ ت سوێند دەخۆم من
بە خەیرەز تۆیی نە فیکرو خەیالم
بە ئاساری (مظفر) ، سەتوەتی ئەو
ئەتۆی پێشەی دلێری نەو نیهالم
بە ( باداوە ) و بە گولزاری شیرینی (٢)
ئەتۆی عەقلم ، ئەتۆی هۆش و کەمالم
بە دار و بەردی سەر بن ئاووکانی
ئەتۆی یاری بەعیشوە و پڕ دەلالم
بە فەسلی ئەو بەهاری هەردو کێوت
ئەتۆی خونچەم ، ئەتۆی حوسن و جەمالم
لە حوبی تۆ ئەگەر من وەر بکەرینم
وەکو زالم ئەمن بمبێ زەوالم
خەلان و رووست و زینو شاخی هەلگورد
بە قوربانی ئەوان بێ رووودی نیلەم (٣)
ئەیا میهری ا وەتەن شیرینە چاوم
دەسا کوێرکە بە پەنجە چاوی زالم

(١) ئەم نیوە دێرە لە پەراوێزدا بەم جۆرەش نووسرا بووە :
لە گەرمادا ئەتۆی سروەی شەمالم
(٢) باداوە گوندێکە لە رۆژهەلاتی ، ئێستا وەکو گەرەکێکە لێ هاتووە

- ٣ -

ئەتۆ بڕوانە تەماشاکە وەتەن حالی چی یە ئەمڕۆ
دەوورۆژی لەسەر دەروا بە بەدبەختی و پەریشانی
چ لاوێکن برا ئەمڕۆ ، وەکو ئەو ڕۆژە روناکی
کە هەر یەك پارچە دوڕێکە چ سۆرانی ، چ گۆرانی
مەنافیعی ئەوا ئەمڕۆ هەموو یەکبارە یەغمایە
وەلی مەحرووومە لاوانم لە باغ و هەم لە بیستانی
خوداوەندا دەخیلت بم هەتاکەی حالەتم وابێ
وەتەن داخی لە بۆ من بێ ، لە بۆ خەلق بێ گولستانی
ئەیا میهری پەنالێنە بـە دایم هەر وەکو نـالی
شەریکی تۆیە هەموارە کە دڵسۆزی و هەراسانی
هەراسانی هەراسانی بـە مەسحەف تۆ هەراسانی
لە بۆ لاوانی کوردستان بە دایم تۆ لە نـالانی

- ٤ -

سوپای زولمم وەکو سەگ هارە ئەمڕۆ    وەکو گورگ و دوپشك و مـارە ئەمڕۆ
لە بۆ قووت دانی بێچارە براکەم    دڵی عـالەم هەموو زامدارە ئەمڕۆ
هەرچی دەکری بە ئەنواعی درۆوە    لەبۆ نەفسی چاوێن سـمـارە ئەمڕۆ
لە تاریخی بەشەر تەسجیل دەکاتن (١) هەموو زوڵمێك قەلەم ناچـارە ئەمڕۆ
ئەیا میهری ! ئەتۆ بنوە بە بێ غەم    خودا رازق وە هـەم تـەهارە ئەمڕۆ

---

(٣) روودی نیل = زێی نیل .

(١) زۆر لە شێوەی سۆرانیدا ـ هەواێرو دەوروبەری ـ کرداری رانەبردووی کەسی سێیەمی تاك ئەم (ن) ەی دەچێتە سەر وەك : دەکاتن ، دەخواتن دەرواتن ، دەمریتن دەنوسیتن ، دەبڕیتن ، دەکریتن . . .



CamScanner

دلاّبەس بێ ئەم قەومی قەت مەناڵە  مەتانەت بۆ بەشەر عەینی کەماڵە
لەزەنگی هەم لەبەندی قەت مەلێ ئۆف  بەشووش بە ، ئەی برادەر ، وەك کوڵاڵە
مەترسە قەت لە دەبابەو مودەڕڕەع  دلێری بۆ بەشەر حوسن و جەماڵە
ئەگەر قەومێك تەماعی کردە خاکت  بڕێژە خوێنی ، بێ شك پێی حەلاڵە
فیدای خاکی وەتەن بە تاکو مردن  ئەسارەت ، من دەزانم چەندە تاڵە
خەریکی غەیری چاکە قەت نەبی تۆ  نەبێ سینەت لە کینە ماڵە ماڵە
مەبە تەنبەل ، بە توندی تێ بکۆشە  مەکە ئیشت لە بۆ سوبحت حەواڵە
دەبەس بدوێ لە عیشقی کیژو کاڵان  ئەمە چاوی بەلەك ، ئەو چاوی کاڵە
نیە ئەهلو ئەساسی ئەم قسانە  بەکیانی تۆ قەسەم ، کەشتێ خەیاڵە
ئەوا عالەم هەموو ئاسمانی تەی کرد  ئەمە ئیستا دەکەینە حەرفی داڵە (١)
بزانە تۆ ، لە ئاسن چی دروست کرد  ئەمە ماوین لە کێشەی قیل و قاڵە (٢)
یەکێ قەومی ، یەکێ جاسووسی غەیرە  لە بەینی ئەم دووانە هەر جیداڵە
وەتەن سەرپاکی بێ منەت فرۆشا  بە وەعدەی بێ سەرو فلسو ریاڵە
هەموو رۆژێ بە نەوعێ ئەیفرۆشن  وەکو ماڵێك لە ناو دەستی دەلاڵە
نیە ئینساف لە ئەهلی ئەم زەمانە  هەتا ئەهلی عەمامەو سەر بە شاڵە
خودایە ! قەومی ئێمە کەی دەبۆ رام  لە چی عەسرو چ تاریخ و چ ساڵە
لە چی وەتەنێك دەبێ سەربەست و ئازاد  لە زولمی لینکی دووت و سەر بەتاڵە
وەها شێواوە ئەوزاعی وەتەنمان  کە ئیسلاحی بەگشت کەس هەر مەحاڵە
مەگەر دڵسۆزی ئەم قەومو وڵاتە  حەفید زادە کە ( محمود ) الفعاله
ئەوەی شێرانە زۆر ژیرو هونەرمەند  دلێریکە لە دونیا بێ میساڵە
عەجەب غەمخوارە بۆ خاکی وڵاتی  لە هەورامان هەتا دەرکەی کەلاڵە
هەتا ماوی قسەی چاك کە تۆ میهری  مەکە سەرخۆت بە هیچ و پووچ و قاڵە

(١) ، (٢) ئەمە = ئێمە

چۆن زەمانێکە ئیلاهی پڕ لە جەهل و وەحشەتە
زوڵمی مەرغووبە بە بێ حەد، ڕێی شەریعەت زیللەتە
بێ حەیایی و بێ وەفایی عالەمی داگرتووە
هەرچی بێ فێڵ بێ بەجارێ دڵ بە دەرد و میحنەتە
هەروەکو چێشت، چۆن بە بێ خوێ ناخورێت وناکرێ
بێ درۆ ئەمڕۆ کە قسە بێ فەڕو بێ لەززەتە
هەرچی ئەمڕۆ عالمێکی پڕ هونەر بێ، چاوەکەم!
بێ درۆو تەزویرو فیتنە شەخسەکی بێ ڕەغبەتە
مێشك دەرکردن بە بۆمبا هەر لەلای ئەم عالەمە
فەلسەفەو ئایین و دین و هەم علووم و حیکمەتە
عالەم ئەمڕۆ کە بە ئاگر هەر بەجارێ قڕ کران
ڕەببی ڕەحمەت بێ بە بێ حەد موستەحەققی شەفقەتە
قسمێ عالەم هەر لە فەقرو ئیحتیاجیدا ڕزی
قسمەکیش سەرخۆشی موڵك و سەروەت و هەم حشمەتە
کوا نەجاشی؟ کوانێ زوغو؟ و میللەتی ئەلبانیا
دانیمارك و نەرویجیش مەشغوولی دەرد و نیکبەتە
عالەم ئەمڕۆ کە تەماشاکەن چۆن دەمی کردۆتەوە
بۆ مژینی خوێنی مەعسووم دڵ بە قین و حەسرەتە
ئەمڕۆ غەربی هەر بەجارێ شێت و شەیدا بوون هەموو
بۆ چەپ و ڕاست، هەر هجوومە هەر بە تۆپ و قووەتە
ئەی عیراقی بم بە قوربانی هەموو لاوانتان
تێ بکۆشن، سەعی کەن، قەت ڕامەوەستن فورسەتە
میهری بۆیە وا نەخۆشە، وا پەشێوە دایما
هەر لە بەر ئەم وەزعە ئەو جەرگی بڕاوە لەت لەتە

**- ٧ -**

بە بن شلك چاوەكەی خۆم ، ئاشیانەم(١) یەكەم جێ یە لە ئەرزو هەم لەمالەم

وەرە فەصـــلی بەهارانم ببینـــە        زەمانت لال ئەكاتن رەنگی لالـــەم

وەرە نادیم ببینە شـیت دەبی تـۆ        تەماشای دەشتو كێوكە تا كەلالەم

تەماشای مەنزەرەی بێخالی من كە        چلۆن دێتە خوارێ من شـــەلالەم

ئەگەر بێتو تەماشاكەی بەدیققەت        بە حەقیقەت دێتە دی راستی مەقالەم

غوباری عەترە ، بەردی شەكرە ، شارم        وەكو هەنگوینە بـۆمن ئاوی زالـەم

لە بۆ فەوتانی دوژمن من لە دەستم        ئەوا بۆمبایە ، من شـــاخی هومالەم

لە بەر پاشكەوتنی تۆیە عەزیزم        بە شـــەو تاكو بەیانی ئاهو نالەم

ئەیـا میهری ! لە بۆ بەرزی وەتەنمە        كەهی گریەم ، وەكو سازو هەلالەم

**- ٨ -**

شـاری هەولێر مەنبەعی عیرفانمە        شاری هەولێر باغو هەم بیســـتانمە

سەرچلی سەرئەرزە ، قووتی رووحمە        شاری هەولێر مەنبەری شــــارانمە

خۆش هەوایە مەنزەریشی شـیرینە        شـــاری هەولێر دلبەرو جـانانمە

زەرەیێ خاكی ئەمن نادەم بە زێر        كەوهەرە ، دوڕرە ، وەهەم مەرجانمە

مال و مولكم بۆچی بە غەیری وەتەن        مال و مولكو سـەروەتو ســـامانمە

مەولیدی خۆم ، جێگەی ئەجدادمە        بـــۆ برینـــم مەرهەم و دەرمانمە

هەر لە مندالی هەتاكو ئەم دەمە        جێگەیی سـەیرو وە هەم سـەیرانمە

جێی شەری داراو ئەسكەندەر بووە        جێی كەمال و ئیبن خـەلەكانمانە

فەیلەسووفی هەسری خۆی (حاجری)        جێی ئەوە ، زاتێكی خاوەن شـانمە

جێگەیی راستی و وەفایە ، چاوەكەم        جێی (مظفر) شـاهو هەم ســـولتانمە

جێگەی تەقواو عیلـم و عیففەتە        جێگەیی تەفســـیر و هـەم قورئانمە

میهری ، مەدحی تائەبەد مەرناكرێ        موزهیرە بـــۆ رەفعەتی یەزدانمـــە

---

(١) ئاشیانە ، هێلانە مەبەست نیشتمانە .



CS CamScanner

من ئـەوا ئەڕۆم قەرەداغ بیری جانانت ئەکەم (١)
بیری بولبول ، بیری گول ، سەروی خەرامانت ئەکەم
بیری مزگەوت و سەراکەت ، مەکتەبیشت چاوەکەم
بیری ئاووئۆی شیرینت ، بیری بیستانت ئەکەم
بیری ئەو باخچە سەرایەی هەر کە ڕەنگاو ڕەنگ ئەچن
بیری دۆست و هەم ڕەفیقی سەیرو سەیرانت ئەکەم
بیری کەپرو ئاوی کەپرو بای شەمالان و نەسیم
بیری چەمەن ، بیری گولزار ، بیری ڕەیحانت ئەکەم
بیری پایز و بەهار و لالەیی ڕەنگین ئەکەم
بیری خۆشی فەسلی هاوین ، بیری جستانت ئەکەم (٢)
بیری سەرچاوەو دیوان و شاخ و هەردیشت برا
بیری تۆپی و داری زەرد و سیو سینانت ئەکەم
بیری شـۆخی لیو و ئال و کولمی ئالانت ، ئەمن
بیری شۆخی گولعوزاری چەشم فەتانت ئەکەم

---

(١) د. عبداللە نەخشبەندی لەو نامەیەی کە پاش ڕۆیشتنی لە کۆڕی زانیاری کورد بۆ سەرۆکی کۆڕی نووسیووەو لە ژمارەیەکی گۆڤاری کۆڕ بڵاوکراوەتەوە ، دێرە شیعرێکی میهری نووسیوە کە دەڵێ :

من ئەوا ڕۆییم قەرەداغ بیری جانانت ئەکەم
بیری نەسرین ، بیری هەر هەر سێو سینانت ئەکەم

گۆڤاری کۆڕ ، ژمارە (١) ل٥٢٧

داخەکەم ئەوەندەی دەستنووسەکانی (میهری)م پشکنی ئەم دێرە شیعرەم نەدۆزیەوە . . ئاخۆ مامۆستای دکتۆر لە کوێی وەرگرتووە ؟

(٢) جستان = زستان

بیری ئەسرین، حوسنی یوسف، عەرعەر و شمشاد ئەکەم
بیری کانی و کانیاو و ماهی تابانت ئەکەم
گەر بدەیتە دەستی مێهری یەک نەفەس کامی دڵی
سەد هەزاران گاو و گامێش، قۆچی قوربانت ئەکەم

- ١٠ -

عیراقەکەی ئەوجەوان    لە پاشی دین و ئیمان
عەزیزتر لە ئاوم نی یە    قەسەم بە شاهی مەردان
بە گوڵزاری شیرینت    قەسەم بە باغ و بێستان
قەسەم بە دیجلە و فورات    قەسەم بە دەشت و کێوان
وەتەن مەحزوونی تۆمە    بە سەد دەرد و قوڕ پێوان
دەردی ئەم حەربەش بووە    عەلاوەی هەموو دەردان (١)
عالەمی خستە خەتەر    هیتلەر زەعیمی ئەلمان
وەک کەڵەشێری چەرخی    دایم ئەخوازێ مەیدان
پۆڵۆنیای قوڕ بە سەر    لە سەحراو و لە هەردان
بە دەنگی تۆپ ئەلەرزێ    وەک بوومەلەرزەی مەیدان
شەو نی یە تا سەحەرگان    ئەبێ بە ئاگر باران
رۆژ نی یە گوللی عالەم    ئەبێ بە خاک یەکسان
ئەم هەموو زوڵم و جەورە    عالەمی کرد پڕ ئەفغان
تەشویشێکی زۆر تەواو    کەوتە عالەمی دەوران
ئنگلندەش عەینی حالە    پەنا بە تۆ ئەی مەننان
ئەم عەسرە عەسری نووری    هەم عەسری ئەمن و ئەمان
هەم عەسری مەدەنیەت    هەم عەسری عیلم و عیرفان

(١) مەبەستی لە حەرب: شەڕی دووەمی جیهانی یە

چۆن ئەبێ عەسری زولمەت      چۆن ئەبێ عەسری وێران
چۆن ئەبێ عەسری وەحشەت      چۆن ئەبێ عەسری تالان
مێهری دوعا ئەخوازم (ێ)      لە زاتی ساحیب قورعان
عێراق بژی بە خۆشی      دایم لە حیفزی یەزدان
دوور بێ لە شەڕی دوژمن      لە هەموو جەورو زولمان

## — ١١ —

ئەوا مەیدان بەئادان درایە      هەچی سەربەست و حوڕ بێ بەسترایە (١)
بچۆ گوێ دەقسانی پەرلەمانێ      لە بۆ ئێمە چ دڵسۆزی تیایە
تەماشا کەن لە مەبعووسانی ئێمە      وەکو حەیوان لغاوی لێ درایە (٢)
نەکەم قسەی حەق و نەستەق من ئەمرۆ      لە بۆ شەعبم برا خوێنم فیدایە
رەفیقان هیلاکی من لە رێگای      ژیانمدا ئەوا عەینی بەقایە
قبوول ناکەم ئەبەد ژینی بەزیللەت      برا زیللەت وەکو مردن وەهایە
برا مردن لە عیززەتدا ژیانە      لە زیللەتدا ژیان فەوت و بەلایە
بژی، بمرە، بەغیرزەت هەربەعیززەت      نەبێ زیللەت لە بۆ ژینت بەمایە
مەکەن لۆمەم لەبەر نەمبوونی سەروەت      کە بێ ئینساف لە بۆ سەروەت سزایە
(ألم نشرح) ئەگەر بیر کەی تۆ مێهری      لە بۆ زام و هەموو دەردت دەوایە

---

(١) لە ناوچەی سلیمانی دەکوترێ ـ کراوە ـ کەچی بە شێوەی سۆرانی دەکوترێ کرایە ـ نووسرایە ـ لێ درایە ـ بەستراوە ، . . . .

(٢) پێشاندانی لغاو لە دەم کرانی مەبعووسان لە چیرۆکەکەی سجادی شایەکەی رەشەی خەجەلاو ) دا زۆر جوان دەدرەوشێتەوە : [ راست بوو ئاغا نائب بوو لە مجلس دا بەڵام من هەروا جار جار ئەچووم بۆ گوێ گرتن ، چونکە شوێن هەیە بۆ گوێگران ، بەو قورعانەی تۆناوتە سەر رانی راستت لەو ساڵەدا نەمبیستم و نەدیم کە ئاغا لەو مجلسەدا

ووتەیەك لە دەمی بێتە دەرەوە ا ئیستا و ئەوسا زمانەکەش فێر نەبوو لایەقەلی بزانێ خەڵکەکە قســـە لەچی ئەکەن ا ساچاك یا خراپ پەنجەکە هەر بەرز ئەکرایە . وەئیتر تێ بکەین تا نەکەین شـــەرت نەبوو ئیتر ئیش رایی کردنی چی ، قسەی چی ، بە شوێن ئیش‌وکاری ئەمو ئەوا هەڵســوڕانی چی ؟ ها ئەوەم لە بیر نەبوو ، پیاو درۆنەکا چاکە ، رۆژێکیان لەو رێکەوتانە بوو کە منیش چوو بووم بۆ گوێ گرتن ، هەرچەندە شوێنی گوێگران جیا بوو لە شوێنی نائبەکان بەڵام وا رێ کەوتبوو لێوە نزیك بووم گوێم لێ بوو دەنگێکی لێوە هات‌وو وتی : « پەککو ا لەوێ گەرمایکە ، بە قوڕڕێ گیرێ ئەوشارە لو گەرمای ا کابرای تەنیشتی لێ‌ی تی نەگەیشت ، لێ‌ی پرسی کە ئەوە چی ئەڵێ؟ ئەویش تێ‌گەیاند ووتی : « ئەوێ شارە عاررە ، عارە پەککو ا ا ا « واتە حارە » . . . .

بڕوانە علاءالدین سجادی هەمیشە بەهارە . ل ٥٠ ـ ٥١

(٣) لە پەراوێزدا نووســـرا بوو :

دەبا بمکەن شـــەهیدی کەربەلایە

# بەشی دووەم

## شیعری کۆمەڵایەتی و دەرد دڵ و دڵداری

— ١ —

حاڵم هەتا بەیانی هەر ئاهو هەر ئەنینە
لە عیشقی یارەکەی خۆم ئەو شۆخی نازەنینە
حەیایی عاشیق رژا هێندە دەخا لەبەر بکا
بەو حووری چاو غەزالە ، ئەو نوتق شەککەرینە
روخسەتی قوربم بدە لە دووری تۆ گیانەکەم
دڵی پەرێشانی من هەم مات و هەم حەزینە
یا رەب تەی کە زەمانم بچم بۆ خزمەت یارم
بە پێکەنین و شادی تەبدیل کە ئەم گرینە
ژیانی وا بە ئەزیەت یا رەب هیچ کەس نەیبینێ
میهری بە ناموڕادی بێزاری مان و ژینە

— ٢ —

دڵ کە نەخۆشە ، عاجزە ، خەریکە وا فیرار ئەکا
مەرهەمی زام و عیللەتی دەمێکە ئینتزار ئەکا
ئەو چەرخی کەج مەدارە ، کەی مەتلەبی کەس دروست ئەکا
زۆر کەس لە حەیف و داخی ئەو خەریکە ئینتیحار ئەکا
گەردوون کە سفلە پەروەرە مەیلی لە دوون و بێ فەرە
هەرچی کە شێت و بەدخووە بڵند و پایەدار ئەکا
ساحیبی عەقلە دەر بە دەر ، کەوتووە زار و قوڕ بەسەر
خاوەنی عیلم و مەعریفەت ژیانی ژەهری مار ئەکا

هێندێ غەریقی نیعمەتە ، بۆ خۆی خەریکی عوشــرەتە
هێندێ بە دەردو فقرەوە جودا لـــە خوێش و یار ئەکا
بەم ئەوعـــە حەســـرەتانە کێ جـانا تەحەممولی هەیە
هـــەچی دەبینی بێ درۆ مردنی ئیـــختیار ئەکا
مێهری بە دەستی گەرگەوی ئەو چەرخی سەفلە پەروەرە
پناغەکەی دێنێتە دەر ریشـــەیشی تـارو مـار ئەکا

- ٣ -

دل مەســـتی مەی مەزانە ، مەســتی جەمالی تۆیـە
حـــەیرانی عەقل و فـام و نوکتەو کەمالی تۆیـــە
کوژراوی بە ژن و بـالاو گفتارەکەی شـــیرینت
عاشیق بە چاوی شەهلاو ئەبرۆی هیلالی تۆیـــە
مەفتوونی دەنگی خـــۆش و ئەلحانی داویتـــە
قوربانی نیونیگاهو لـــەنجەو دەلالی تـــۆیـــە
ئازادی بەندی دونیا ، بێ باك لە شــیر و شـــێرە (١)
بەســـتراوی داوی زولفت نێچیری خـالی تۆیـــە
بۆ دەفعی شەڕو فیتنە رووحم سوپەرتە قوربان
تۆ رۆستەمی پێ نـاوێ عاشیق کە زالی تۆیـــە
لە تۆ دریغی ناکەم بە قەتعی دووح و جـانم
بۆ وەختی جەژنی قوربان خوێنیش حەلاڵی تۆیە
تو خوا بە دەردی هیجرت عاشـیق مەکە گرفتار
چەند سال و چەند هەیامە ئەمای ویسالی تۆیـــە (٢)
دەزانی بۆچی مێهری لاوازە و رەنگی زەردە
هەمیشە ئیش و کاری فیکرو خەیـالی تۆیـــە

(١) دەشکونجێ (شێروشێر) بێ ، چونکە لە دەستنووسەکە (٧) دانەتراوە
(٢) هەیام ، ماوەیەك ، لە (ایام)ی عارەبیەوە هاتووە .



CamScanner

- ٤ -

بدە ساقی شـەرابی ئەرخەوانی ... کە یەك دەم من ببینم شادومانی
لەچەرخی کەج ئەمن شادیم نەدیوە ... دەسـانێکە پەیاپەی تـا بەیانی
شەوو ڕۆژم بە حەسرەت ڕادەبێرم ... لە دووری یارەکەی ئەمرۆ کەمانی
لەدووری شۆخەکەی گوڵخونچەرەنگم ... لە دووری باڵا بەرزی چاو جوانی
برا چـاوم بە دایم خوێن دەڕێژێ ... هیلاکی کردووم دەردی جیهانی
چ حاجەت من بکەم شەرحی هەواڵم ... دەزانی خۆ ئەتۆ دەردم ، دەزانی
ژیانێکی وەها پـڕ شۆڕوشەڕ بێ ... نەمانی چاترە جـانا لـــە مانی
نەکەردل دەم بەغەیری تۆ ، نیگارا ... دلم لەت کەن بە تیری ئاسـمانی
خوداوەندا بەحەقی عیشقی مەجنوون ... خلاسـم کە لە ئاشووبی زەمانی
چ بەدبەختی ، چ بەدحالی ، تۆ میهری ... چ بێزاری لـە دونیـاو ژیـانی

— ٥ —

بەدەرێ ساقی جامی مەی بە عیشقی چاوی یارەکەم
بە عیشقی قەد چنارەکەم ، بە عیشقی گوڵعوزارەکەم
لای تۆیە ژینی جاویدی ، ئەی بۆ ژینم مەدارەکەم
ڕەحمێ بکە بە حاڵەکەم ، بە چاوی ئەشـکبارەکەم
بە قەلبی پڕ شەرارەکەم بە حوبی پڕ حەرارەکەم
چەند ساڵو چەند هەیامە من وەسلی تۆ ئینتزارەکەم
دەرمانە بۆ برینەکەم قەترە یێ مەی بە دەسـتی تۆ
ســـاقی فیدایی چـاوتم تێکە بـە یادی یارەکەم
ئاسمانی بەختەکەم ڕەشـە بە هەوری تاری دەردوغەم
بە شـەو هەتا بەیانی من لە دەستی غەم هاوارەکەم
بـەفری غەمە بە ســـەرمەوە ، مەزانە دەردی پیری یە
لال بووە تەیرەکەی دلم ، لال بوو ، برا ، هوزارەکەم



CamScanner

بۆم تێکە ساقی دەم بەدەم ، چونکە منم فەلەك زەدەم
بەڵکە لە قەهری دەردەچم لە شاری غەمدا بارەکەم
ساقی بگێڕە تۆ قەدەح ، ئەمڕۆیە ڕۆژی پڕ فەرەح
لابە لە دڵ حوزن و تەرەح ، لابەرە زوو ئازارەکەم
ئەی میهری ژینی نیمەتە ، بێ دەردو غەم بێ قیمەتە
بێتو ئەگەر وەها نەبم ، بە ڕوح و گیان فیدارەکەم

- ٦ -

من خۆم کە موعتەبەر بووم ، پڕ قەدرو تاجی سەر بووم
بەد بەختی زۆری هێنا بێ بەش بووم ، دەر بەدەر بووم
ئازادی دەرد و غەم بووم ، خاڵی لە فیکر و هەم بووم
لە پڕ لەبێ نەوایی ئەسیرو پڕ کەدەر بووم
وەقتێ کە بێ خەبەر بووم لە فەن و مەکری عالەم
لە پڕ لە خوابی غەفلەت تووشی هەراو شەڕ بووم (١)
دەزانی ئەمڕۆ بۆچی ئەسیری داوی شەڕ بووم (٢)
چونکە لە داری دونیا سەد حەیف بێ زەرەر بووم
وەقتێ لە دەست چوو فورسەت بێ سوودە سەعی و کۆشش
میهری ! لە وەقتی فورسەت دوو چاری کاوو کەر بووم
لە فەنی دام و تەزویر ، من چونکە بێ خەبەر بووم
لە سەر ڕەوشتی عیلم و قانوون و ڕێی بە شەڕ بووم

- ٧ -

لە دووری تۆ چاوەکەم ئومێدی ژینم نییە
تاقەتی ئاهو ئۆف و شین و گریەم نییە

---

(١) خراب : وشەیەکی فارسییە دەخوێنرێتەوە خاب و مانای خەوە
(٢) ئەم دێرە لە دەستنووسەکەدا بەم جۆرەش نووسراوە :
دەزانی ئەمڕۆ بۆچی کیژۆڵەی دەستی شەڕ بووم

بەس بێ کزەی جەرگەکەم ئەداویم کە بە وەسلت
غەیرەز دەوایی وەسلت دەوای برینم نی‌یە
بە شەو هەتا بەیانی فیکر و خەیالم ئەتۆی
ویردی زمانم ئەتۆی ، خەوی شیرینم نی‌یە
ئاهو ئەنینم ئەمڕۆ عالەمی کرد هەراسان
رەحمێ بکە بە حالم گوێت لە ئەنینم نی‌یە
میهری بڵێ بە دلبەر موفلیسی سەر زەمینم
غەیرەز گەنجی موحیببەت لە رووی زەمینم نی‌یە

— ٨ —

تاقمی شۆخان لە باخان گەردشی گوڵزار ئەکەن
هەر بە عیشوەو نازو خەندە خەلق لە روح بێزار ئەکەن
چاو رەش و ئەبرۆ هیلالی عەرعەری قەدن هەموو
تیری موژگانن بە جارێ جەرگ و دل زامدار ئەکەن
زولفی چین چین گوڵمی ئاڵ و لێو وەك لەعلان هەموو
هێند بە شەوقن مانگ و ئەستێرە خەجالەت بار ئەکەن
هەرکە دەم کەن بۆ تەکەللوم شەکر و گوڵ باران ئەبێ
قسە شیرینن برا گیان ، هەر لە قەندی شار ئەکەن
هێندە جار بێ دەنگ وەکو بت دادەنیشن ، هێندە جار
دەست بە لیدانی کەمان و زیل و عود و تار ئەکەن
کێ برا ، روحدارە ئەمڕۆ نێزیکی ئەم عەیشە بێ
هەر لە حالەم بێ تەوەللوف دەست بە قەمچی و دار ئەکەن
میهری تاکەی تۆ لە کونجی بێ کەسیدا زەهر ئەخۆی
عالەمی دونیا بە جارێ کەیف لە گەل دلدار ئەکەن

### - ٩ -

ڕۆیی دەوری ئیستراحەت ئەمڕۆ دەوری زەحمەتە (١)
ڕۆیی دەوری عیززو ڕیفعەت ئەمڕۆ زیللەتە
ڕۆیی دەوری نازو عیشوە قەت نەما ئارامی دل
ڕۆیی دەوری سیحەتی لەش ئەمڕۆ دەوری عیللەتە
ڕۆیی دەوری بەزم و ڕەزم و ھەم حیجازو ھەم نەوا
ڕۆیی دەوری ساز و سەنتوور ئەمڕۆ دەوری نیکبەتە
بە چ کەسێ دەردم دەڵێم ئەو بەشێتم دا ئەزێ
ڕۆیی دەوری ھۆشمەندی ئەمڕۆ دەوری جیننەتە
ئەم لەشی ناچارە ئەمڕۆ چەندە بێزارە لە ژین
ڕۆیی دەوری لەززەت ئەمڕۆ دەوری دەردو نیقمەتە
چاوی عیبرەت کە تەماشا کە بە دەھری پڕ ئەلەم
ڕۆیی دەوری نەومی غەفلەت ئەمڕۆ دەوری عیبرەتە
میھری ڕازت کەس نەزانی غەیری یەزدانت ئەبەد
ڕۆیی دەوری نائومێدی ئەمڕۆ دەوری ڕەحمەتە

### - ١٠ -

ڕەفیقی من جڕ و جامووشە ئەمشەو
ھەزار پێیە ، دووپشك و مووشە ئەمشەو
ئەوا وەقتی فیراقە یاوکی شیرین
لە بەر ھەندێ دلم بێ ھۆشە ئەمشەو
ئەبەد لازمەی کەسێ مەکرە بە(دە)کوێچکەت
ئەگەر بێتە کنم چەند خۆشە ئەمشەو

(١) ئەم شیعرەی بە تورکیش گوتووە .



CamScanner

ئەیا ڕەببی ! هەموو عالەم بە جاری
وەکو بەندە ، هەموو غەم ئۆشە ئەمشەو
ئومێدیشم لە قاپی تۆیە ڕەبب(ی) م
کە من بێووم بە بێ ئەندێشە ئەمشەو
ئەیا مێهری ! ئەوا مێهرت کوژاوە
بە هیچ شەخسێ هونەر مەفرۆشە ئەمشەو

-١١-

فەلەك چەرخت شکێ جەرگم بڕاوە | هەراسانم فەلەك ، فیکرم بڕاوە
هەتاکەی من فەلەك ، زولمت بچێژم | دڵو جانم بە حەسرەت وا سووتاوە
چرای عالەم دەسووتێ وا بە دایم | چرای بە یەك لە حزە کوژاوە
فەلەك بەس بێ بکە ڕەحمێ بە حالم | لە سەر ئەرزا ئەبەد غیرەت نەماوە
فەلەك هەرچی بە سەروەت بێ عەزیزە | فەقیر ئەمڕۆ ئەوا بەندی پساوە
شموولی بەو نیيە قانوونی دەولەت | بە ناهەق ئەو حقووقی کشت خوراوە
لە تاو غەدرو لە زولمایە بە دایم | هەچی ئەمڕۆ بە تەمکین و پیارە
ئەگەر مەیلت لە خادانو لە شێنە | لە شێتیدا ئەمن نمرەم تەواوە
ئەیا مێهری لە چاوت خوێن بڕێژە | کە بە ستراوی بە زنجیر و بە داوە

-١٢-

لە دووری تۆ زمانم بەستراوە | کە چۆکەی خوێن لە خانەی دڵ کراوە
هەموو ڕۆژێم بە ئێوارەو بەیانی | کە دەرکاکەت دەبینم داخراوە
لە داخانا لە خۆڵی بەردەری تۆ | دەبارێنم بە سەرما من بەتاوە
نیگارا ! من هەتاکەی وا بچێژم | فیراقی تۆ ، ئەوا جەرگم بڕاوە
پەرێشان ڕۆژگارم ئەی عەزیزم ! | ئەبەد هێزی هەموو ئەعزام نەماوە
بکە ڕەحمێ ئیتر ناکەم تەحەممول | لە ڕێی قەسرت بنی قاچم سواوە
لە جەرگم کاری یە تیری موژانت | لە بۆی چاوەکەم پشتم چەماوە

بەیەك لەحزە ئەمن کەژرام ، ئیکارا !! وەکو نیچیر بکوژرێتن لە راو
دەزانی بۆچی میهری پڕ خەیاڵی کە شووشەی دڵ لە سەد لاوە شکاو

- ١٣ -

لە بەدبەختی ئەمن تاق و فەریدم دڵم جنزا لە دەست دەهری دەنیدم(١)
دەڵێم ئاهێ بکێشم ، ئەرزو ئاسمان بسووتێنم وەکو پووشی بیابان
فەلەك ! پەندم بڕا ، هێزم نەماوە وەکو ڕۆیش لەشم کشتی تواوە

- ١٤ -

ساقیا بمدێ قەدەح ، جەرگم کەبابی فیرقەتە
دڵ هەراسانە ، نەماوە ، ئارەزوویی وەسڵەتە
تووخوا قاسید بڕۆ بۆ خزمەتی دڵدارەکەم
پێی بڵێ بیمارە عاشیق ، موستەحەققی ڕەحمەتە
چاری ئەو غەیری جەنابت هەر بەهیچ کەس ناکرێ
گەر بکەی لوتفێ بە حاڵی مووجیبی سەد مینەتە
هەرکەسێ بێتو کەوێ بەر لوتفی ، ئەی دڵبەرم
ئەو کەسە ئازادی دەردو زیللەت و هەم نیقمەتە
ئاه چ خۆشە تا بەیانی دامێنیشی دەم بە دەم
لەب بە لەب ئەژنۆ بە ئەژنۆ ، سەر چلی هەر نیعمەتە
یا ئیلاهی خۆت ڕەحم کە ، دووحەکەم وادەرئەچێ
با منیش بمرێ لە دونیا زەربێ لەم دەولەتە
(میهری) یا تاکەی ئەتۆ لەم زیللەتە ئەتلێیتەوە
بەس بێ ئیتر وەقتی ئازادی و هەم حوریەتە

(١) لە پەراوێزدا نووسراوە : دڵم جنزا لە دەست یاری دەنیدم

## -١٥-

ئەی عاشـــیقی غەمگین ئەوا فەسلی بەهارە
بولبول دەچریکێنێ لە سەر داری چنارە
شەیدایی گوڵە ، داغ لە دڵە ، بێ سەرو پێیە
بێچارەیە ، پڕ حەسرەتە ، بێ سەبرو قەرارە
ئارامی نی‌یە ، هەر وەکو من ، سینە پڕ ئاهە
من داغی رەقیبانم ، ئەویش کوشتەی خارە
دەردی دڵی تۆ هێندە نیسبەت بە دڵی من
تۆ دەردی گوڵ و خونچەتە ، من یارو دیارە
یارەبی ! رەقیب ! کوێربی ، سەقەت‌بی لەهەموو لەش
بێ دەنگ و قرە بتخەنە ناو داری قــــەنارە
یارێکی وەها ، تیژە موژەی ، بژنی حەبیرە
دووزولفی‌سەمەن بوویی دەڵێی هەروە کوماری
ئاهی دڵە کەم عالەم ئەسووتێنێ بە مەرگت
ئەسکێنی نەکەی چاری نی‌یە ، روو لە نیهارە
ئەی شۆخی ستەمسازی تیرەندازی هەموو شۆخ
رەحمت بێ ، غەمی (میهری) سەری نا لەمەزارە

## -١٦-

...ەو رۆژەوە رۆیشتووە نالانە دڵی من — پڕ دەردو غەم و قەهرەو حەبرانە دڵی من(١
...ەدهۆش و پڕ ئەنغانو بریندارەدڵی من — سووتاوی موژەی تۆیەو بریانە دڵی من

× + ×

بێچارەمە دایم لە فیراقی تۆ دەنالم — وەك زەمرە لەزارم‌شەکرو ئاوی‌زولالم
وەلامی‌ئەماسە‌برو‌قەرارم ، سەرومالم — وەك بولبول شەیدایە ، هەراسانەدڵی من

+ + +

---

(١) لەجیاتی ووشەی (قەهرە) لەپەراوێزدا (مەسەردەت) نووسراوە

ئەم غەدرو زولمکاری‌یە تاکەی بەفیدات بم
ئەم تەردو خەشمکاری‌یە تاکەی بەفیدات بم
ئەم جەورو ستەمکاری‌یە تاکەی بەفیدات بم
بەم حالەتە وا رووبی لە فەوتانە دلی من

× × ×

ئەم پەردەیە لادە لەسەر ئەبرۆی هیلالت
تا دەرکەوێ ئەی یاری وەفادار جەمالت
وەللاهی لە دلم نا چێتە دەر فیکرو خەیالت (۱)
صابت قەدەمە، هەر وەکو جارانە دلی من

× × ×

چاکی لەهەموو نەوعی بەشەر قەت نەبوو بۆ من
غەیرەز ستەم و جەورو کەدەر قەت نەبوو بۆ من
دووری لەوەتەن غەیری سەفەر قەت نەبوو بۆ من
بۆیێ هەموو دەم وەحشی یی کێوانە دلی من

× × ×

ساقی بدە بادە کە ئاوە وەعدی ویساله
ئاسووده ببم لەحزەیێ لەم قەهرو مەلاله
مەحروومە دلەکەم دەمێکە لەو خەت و خاله
شەو تا بە سەحەر حالەتی گریانە دلی من

× + ×

لەم فەسلی بەهارە، رووحەکەم پڕکە پیاله
نابینی رووداوە لە چەمەن نەرگس و لاله

(۱) لە سەرەوەی (وەللاهی)، لە پەراوێزدا نووسراوە ( بە خوا ) .

بۆ یارو ئەنیس عەیشی جوانم بووە تاڵە
مائل بە ویسالی روخی جانانە دڵی من (١)

+ × +

لەم شاری قەرەداغە دڵم هەروەکو داغە
بۆ خزمەتی دڵدار دڵم هەر لە یەساغە
رووی یاری شیرینم بە مەسەل عەینی چراغە
مەیلی وەکو پەروانە لە سووتانە دڵی من

+ + +

باوی نییە لەم عەسرە ئەبەد ساحیبی عیرفان
کوژراوی غەمی پارەیە هەر کەس ، نییە خەندان
بۆتە سەبەبی تەشویشی خەلق هێتلەری ئەلمان
بێچارەیە ، وا رووبی لە یەزدانە دڵی من

+ × +

بێزارە تەواو میهری لـــە ئەحوالی زەمانە
خوێنی دڵی عەینەن وەکو سەیروانی رەوانە
یەك مالکی ملیۆنە ، یەکیش خەستەیی نانە
لەم وەسفی پەرێشانە ، پەرێشانە دڵی من

- ١٧ -

ئەسیری پەنجەیی دەردم منی بێچارە یا ئەڵلا
بکە بۆ بەندەیی ناچاری خۆت یەك چارە یا ئەڵلا
ئەیا پەروەردگارا ! چارەسازی تەهلی زیللەت تۆی
بنێرە یەك شیفا بۆ ئەو لەشەی بیمارە یا ئەڵلا

---

(١) لە باتی ئەم نیوەدێڕە لە پەراوێزدا نووسراوە :
شەوقی لە ویسالی روویی جانانە دڵی من .



CamScanner

لە ناو ئیفی نەخۆشیدا! سەراسەر ئاگرە جسمم
بنێرە تۆ دەوا بۆ ئەم عیلەتی دشوارە یا ئەللا

## - ١٨ -

رەفیقانم ئەبەد حالم نەماوە
چرای بەختم دەمێکە خۆ کوژاوە
هەچی دەرگاکە دەستی بۆ ئەبەم من
بە قوفل و میخ و زنجیر داخراوە
هەچی ئەمڕۆ تکاشی لێ ئەکەم من
لە ئیستیغنا دل و جانی کولاوە
بەبێ پەروا، بەبێ شەرمیش ئەڵێن
هەتیو لاچۆ لە شت پیس و کلاوە
ئەمن چم کرد بە گەردوون، هەیشی کردم
بە زەهری مارو خوێن و هەم زوخاوە
ئەیا گەردوون دوو ڕۆژە عومری دونیا
دەسا هەیلێ ئەوا ئیشم تەواوە
ئەیا میهری لە بەر هەندێ حەزینم
دەمو ساعەت ئەڵێی جەرگم براوە

## - ١٩ -

یا رەسولەللا دەخیلەك دل پەرێشانم مەکە
تۆ زەلیلی دەستی نامەرد دل هەراسانم مەکە
خۆت بکە رەحمێ بە حالم، خۆ دلم لەت لەت بووە
بێ ئەراو بێ مەجالم، سینە بریانم مەکە
من ئەسیری دەستی نەفس و زالمی ئەم عەسرە بووم
تۆ ئەسیری دەستی زالم دیدە گریانم مەکە
بێ نەوایی پەستی کردم، رووحە کەم وا دەرئەچێ
تۆ لە رێگەی بێ نەوایی تۆزچی قوربانم مەکە
عیززەتی نەفسم وەهایە قەت بە کەس نالێم ئەمن
ئیحتیاجیم، بێ نەواییم، جانا بێ شانم مەکە
هاری دونیا، کۆستی خستم، دووبی ڕەش کردم تەواو
مەسخەرەی نێزیك و دوورو خۆیش و یارانم مەکە

کوللی شەو تاکو بەیانی ئاهو ئۆخە حالەتم
من کە کوشتەی تیری دەردم ، ئاهو نالانم مەکە

من کە مەزلوومی کەسێکم قەت نییە رەحمی دلی
بۆ کەسی بێ رەحمو شەفقەت دەستە دامانم مەکە

ئارەزووی دیداری تۆمە خاکی پێت بیکەم بە کل
تۆ کەبابی دەردی دووری ، دەردی حرمانم مەکە

عالەم ئەمڕۆ کە خەریکی خستنی بۆ کەس بووە
من کە خەستەی دەستی ئاسم کوشتەیی ژانم مەکە

میهری ئەمڕۆ نامەکەی وەرگرت لە دەستی دلبەری
بەس بێ ئیتر ئیحتیاجی غەیری یەزدانم مەکە

— ٣٠ —

رەهبەری هەردوو جیهانی یا رەسوولەللا مەدەد
مەرهەمی بۆجسمو جانم یا رەسوولەللا مەدەد

چاوەڕێی ئینعامی تۆمە ، بۆ شیفاێك رەهبەرم
باعیسی بۆ ژینو مانم ، یا رەسوولەللا مەدەد

تووشی دەردێکی وەها بووم قەت نییە دەرمانی ئەو
یەك نەزەر رووحی رەوانم ، یا رەسوولەللا مەدەد

بۆ ئەجاتم تۆ شەفاعەت کە خزمەت خالیقم
چونکە ئەمڕۆ ئەوجوانم یا رەسوولەللا مەدەد

گەر شەفاعەت کەی لە بۆ من بێ شکە قورتار ئەبم
سادەخیلو سەد ئەمانم ، یا رەسوولەللا مەدەد

ئەی چراغی دینو دونیا وا دەسووتێم بێ شەوور
بەم عەزابە ناتوانم یا رەسوولەللا مەدەد

لە شکری غەم تێکی داجەیشی و حوودم ، بەربادی کرد (١)
ناڵــەمە تاکــو بەیانم یـا رەســـوولە للا مەدەد
جەرگ‌و دل کەت وا سووتاوە بۆتە مشکی پڕ شـەڕەر (٢)
دائماً من هـەر لـــە ژانم یـا رەســـوولەللا مـەدەد
زیللـەتە تاج‌و کولاهـــم ، نیکبەتە جوبیەی بـــەرم (٣)
باعیسی بۆ عیززو شـــانم ، یـا رەســـوولەللا مەدەد
کەر نەخۆشـــی لا بچێ من خزمەتی عیلمت ئەکەم
بێ زمانم ، بێ نیشـــانم ، یـا رەســـوولەللا مەدەد
میهری کەر میهرت کوژابێ ، هیمەتی ئـــەو باقی‌یە
جانا نیکســـیرە دەزانم : « یـا رەســـوولەللا مەدەد »

- ٢١ -

دەست لە ئەژنۆ ، سـینە ژانم ، یـا رەسـوولەڵلا مەدەد
ســـەر بە ژان‌و چاو کریانم یـا رەســـوولە الله مەدەد
بێ نەشـــاتم ، بێ قەرارم ، قەت نی‌یە هێزی دڵـــم
هەر لە سـینە خوێن رەوانم یـا رەســـوولە الله مەدەد
هێندە دانا پێم ئەڵێن تۆ شـــێت‌و وەهمای بـــرا
تۆ حەکەم‌بە ، هێزی شـانم ، یـا رەســـوولەالله مەدەد
بـۆ دیفاعی ئۆمەوو بیماری هـــەر تۆی شـــانیەم
نیمە وەم‌و بێ کوناهـــم ، یـا رەســـوولەللا مەدەد

(١) ئە نیوە دێرە لەنکەو لە پەراوێز نووسراوە :
لە شکری غەم جەیشی شادی تێکدا بەربادی کرد
(٢) مشکی = خۆڵەمێش
(٣) لە جاتی ( جوبیە ) لە پەراوێزدا نووسراوە ( کیســـوە )

گەر تەماشاکەی بە حالّم ، شەفقەتت دێنێ بە جۆش
هەر وەکو مار بێ مەکانم ، یا رەسوولەڵلا مەدەد
چونکە دەمبینن دەسووڕێم ، بۆیە شێتم پێ دەڵێن
نامبینن وەك کەوانم ، یا رەسوولەڵلا مەدەد
سا لە بەر لۆمەو عەزابی دەردی سینەم ئەی حەکیم
بۆ شیفایێك دیلەوانم ، یا رەسوولەڵلا مەدەد
دەردی لۆمە زۆر گرانە هەر وەکو دەردی نەخۆش
سا دەخیلەك زۆر گرانم یا رەسوولەڵلا مەدەد
دادخواهم ، بێ پەناهم ، بێ کەس و رسوا ئەمن
بۆم بکەی هیمەت لەوانم ، یا رەسوولەڵلا مەدەد

## - ٢٢ -

یا موحەممەد بەم دەخیلت رووت و عوریانم مەکە
هەر لە دووری تۆ نەماوم ، شێت و حەیرانم مەکە
عیززەتی نەفسم شکاوە نیمە یەك زەڕڕە ئەمەل
تۆ ئەسیری دەستی زالّم بەندی شادانم مەکە
تا بەکەی شەو تابەیانی ئاهـو ئەنینم بێ
ئێو بەبارو چاو بەناو و سینە سوزانم مەکە
قەلبی قەلّیم چاوەکەی خۆم هەروەکو مەنجەل رەشە
تۆ ئەسیری شەهوەتی خۆم ، نەفس و شەیتانم مەکە
امحەممەد قووتی رووحم یامحەممەد نوری چاوم هەر ئەتۆی
ساعەتێ زووتر رەحم کە ، تووشی ئیففانم مەکە
یا محەممەد کاریە دەردی دەروونم سەد دەخیل
بەس بێ ئیتر ئیحتیاجی داو و دەرمانم مەکە
هەر ئەتۆی دکتۆری حازیق بۆ نەخۆشی و نیکبەتم
بەم دەخیلت ئیحتیاجی توبی اوقمانم مەکە

میهری سووناوە لە عیشقت ئینتزاری روخسەتە

ئەمر کە بێمە حوزوورت داغی حرمانم مەدە

**— ٢٣ —**

لە بەر تۆیە دلم دایم ، حەزینی  لە بەر تۆیە دلم ئاهو ئەنینی

لە بەر تۆ هەر پەریشانە دایم  لە بەر تۆ هەر لە کول دایە برینی

لە بەر تۆ بێ خەوە تاکو بەیانی  لە بۆ تۆیە فیغان و هەم گرینی

دەلێی لافاوە خوێنی دل کە ئەروا  هەموو عالەم هەراسانە لە شینی

ئەگەر بێتو کەسێ موژدەی بداتێ  ئەکا قوربانی ئەو رووحی شیرینی

ئەگەر بمری دلی ناچارەکەی من  لەسەر تۆیە بە قوربان ئەرش و خوێنی

رەقیبی سەگ سیفەت دایم دەسوورێ  ئەوا وەقتە بدرێ ئەو لەعینی

بەسە، رەحمەت بێ، ئیتر چاوەکەی خۆم  ئەوا وەقتە دلم دەرچێ لە دینی

کە عومرێ بێ بە بێ تۆ سەرف بکرێ  بە با بڕوا بسووتێ ، قەت نەمێنێ

لە وەقتێکا کە بێ ی بۆ لای بەندەت  لە بۆی دەگری ئەگەر حالی ببینی

**— ٢٤ —**

بەلا بدا لە خوتان  لەگەل موعەللیمیتان

لە سەر هەموو مەعاریف  تەرجیح ئەکەم مەعالیف

ئێمە چیمان کرد بوو  . . . . . . . . .

فەسل کراین بە بێ پووچ  بە بێ ئیشی پرو پووچ

ئەو زولم و جەوری ئێوە  هیچ بەشەرێک نەیدیوە

زەمانێک ئەبێ ئەمیش  ئەبم بە ساحیبی ئیش (١)

وەتەن زۆر پەریشانە  دیققەت بکە بزانە

ئەوانەی ئیشی بە دەستن  دایم بێ هۆش و مەستن

فەیرۆز گیرفانی خۆیان  قەت نی یە بوت و جزیان

(١) ئەمیش = منیش = ئەمنیش

میللەت لە فقری ئەرزی — بە بەد بەختیی و سەر کزی
بـــرایی نیشـــتمانم — بـە پیر و ئەوجەوانـــم
بە نـامرادی قڕ بوو (ن) — ئەسیرو دەر بە دەربوو (ن)
میری لە بەر ئەم حالە — ئەخۆش و پسر مەلالە

— ٢٥ —

ئەمرۆ کە ناکاتە جێ بە قەتمی رەغبەتی من
بە تیغی تیژی کەردوون برا کە رەت لەتم من
دووچاری عیللەتم من ، ئەسیری زیللەتم من
ولداشی قیللەتم من ، سووتاوی نیکبەتم من
کوژراوی ئەهلی عەسرم ، بەندی حکوومەتم من (١)
رەفیقی جاهیلانو هەم ئەهلی وەحشەتم من
لە بەر چاوی خەلایق مەهتوو کم ئەمرۆ چونکە
تالیبی عیززەتم من ، تالیبی حیکمەتم من
نەدیمی حەسرەتم من ، بێ شانو شەوکەتم من
چەندسالوچەندعەیامە ، چاوەرێی نەسرەتم من
بۆ دەفعی ئەم بەلایە ، بێ هێز و قودرەتم من
لە بەر ئەو حالە ئەی دل موحتاجی هیممەتم من
بەغەیری رۆحمی مەولا ، مەئیووسی گشت کەسم من
ئەگەر رەحمت بێ رەببم ، خۆمشاهو دەولەتم من
رووم هەر لە قاپی تۆیە ، ئەی خالقی بەرایا !
لە وەقتی عیللەتم من ، لە وەقتی سیححەتم من
میری بەغەیری یەزدان کەس نییە بۆت کادەرمان
بە کەس نەڵێی لەمەولا ، دووچاری عیللەتم من

---

(١) حکوومەت : مەبەستی پاشایەتی بۆکەنی ئەوسایە .

مەداری ئیستیمادم    دایکەکەی ناموورادم (١)
لە دووری تۆوە گیژم    فرمێسکی خوێن ئەرێژم
خواردنم زوخاوە    فکرم تەواو بڵاوە
دایکەکەی نازدارم    بۆ تۆیە ئاهـ و زارم
بۆ تۆ دایم ئەناڵم    بۆ تۆ پەریشان حالم
ئاسمان رەشپۆشە ئەمڕۆ    کورت مەدهۆشە ئەمڕۆ
جسمی نەخۆشە ئەمڕۆ    هەر وەك سەرخۆشە ئەمڕۆ
دڵی لە جۆشە ئەمڕۆ    هەر لە فرۆشە ئەمڕۆ
( عائشة بنت ایوب )    خستمیە حوزنی یەعقووب (٢)
ئەمانەت بە خودابی    رەحمەت مستەفا بی
قەبرت رۆشن بی دایم    هەر وەك گوڵشەن بی دایم
دوور بی هەتا نیهایەت    لە شۆرشی قیامەت
سێ ی دەرکرد رۆژی یەئیسی    مێژوی تاریخی نووسی
( بامر و لطفی منان    بو بنائل غفران ) (٣)



ئەو دونیایی بێ وەفایە فانیە بێ شك یەقین (٤)
هەر وەکو کاروان سەرا دێین و هەمیسان ئەچین

---

(١) ئەم هۆنراوەیە شیوەنە بۆ دایکی

(٢) عائیشە کچی ئەیووب ، دایکی مەوری بووە .

(٣) دێری کۆتایی بە ژمارەی ئەبجەدی ئەلیك بدەینەوە و سێ ی ئێ دەرکەوێ دەکاتە ( ١٩٢٩ ) کە ساڵی وەفاتی دایکیەتی .

(٤) ئەم هۆنراوەیە لە شیعرەکانی حاجی مەلا محی الدین کوتووە

کۆچی کردووە دایم بە ملیۆن و هەزاران
ساحیبی تەقواو دین ، ساحیبی وەرەع و تەمکین
دوێنێ وەفاتی فەرموو ( حاجی مەلا محی‌الدین )
ساحیبی عیففەت بوو ئەو، هەم بۆ هەزاران موعین
سەد حەیف و سەد تەئەسسوف ئەو کۆچی کرد لەدونیا
دۆست و ئەقاربی خۆی هەموو یان بوون بۆی غەمگین
میهری بەعێی ئامەوە وەهای ئەنووسی تاریخ
جێگەی بە هەشتە لاشك حاجی مەلا محی‌الدین (١)

- ٣٨ -

ئەم دونیای بێ وەفایە — بێ شەرت و بێ بەقایە
پڕ جەور و پڕ جەفایە — پڕ شۆڕ و پڕ غەوغایە
پڕ حوزن و پڕ هەرایە — پڕ دەرد و پڕ بەلایە
بۆ کەس نی یە بە ئیتلاق — غەیرەز جەنابی خەللاق
ئەوەللی هەر حەسرەتە — ئاخیری هەر نیقمەتە
کێ لێی بوو ساحیب موراد — کێ لێی دەرچوو بەدلشاد
مەلا محەممەد ئەمڕۆ — سەد حەیف وەفاتت فەرمۆ
حوزنێکی زۆر فراوان — خستتە دلی رەفیقان
منیش لەم قەرەداغە — دلم هەر وەکو داغە
لەم خەبەرەی وا گران — زامی دلم هاتە ژان
رووت کردە دەریای عەدەم — (یونس ناجی)ت خستە غەم
شاگرت خستە گریان — شەوکەتت کرد بە نالان
هۆزت وەشێوشە ئەمڕۆ — دۆستت مەدهۆشە ئەمڕۆ

---

(١) دێری کۆتایی بە ژمارەی ئەبجەدی ئێك بدەیتەوەو پێنجی بخەیتە سەر (١٣٥٤) دەردەچێ کە سالی وەفاتی (حاجی مەلا محی‌الدین) ٠

پێغەمبەر بی رەهبەرت — قەت نەبێ دەردی سەرت
تۆفیق بسبی رەفیقت — رەحمان ببێ شەفیقت
خوا ئەرحەمە بۆ ئەبەد — خوا ئەکرەمە بۆ ئەبەد
قەبرت پڕ بێ لە رەحمت — ببێ بە باغی جەنەت
لە گەڵ دوانزەدە نادی — تاریخم گوت لە نادی
جێگەی باغی جیشانە — ئەو میوانی یەزدانە (١)



(١) دێڕی کۆتایی بە ئەبجەد لێك دەیتەوەو دوازدەی بخەیتە سەر سالی ١٣٤٧ دەدەچێ کە سالی وەفاتی مەلا محەمەدە .



CamScanner

# بەشـــی یەم

## پێنج خشتەکی

(١)

هەزار خۆزگەم بە وەقتێ ئەمبوو سەودا
نەبوو بۆمن لە هیچ کەس ترس و پەروا
ئەمین بووم من لە زوڵم و شۆڕ و غەوغا
وەکو شێری زەمان وا بووم لە دونیا
ئەمیستان بووم ئەسیری چاوی ئەیلا

+ + +

لە بەد بەختی ، برا ، خۆم بێ ئەزیرم
لە ناو دەرد و غەمی دونیا ئەسیرم
خەیاڵاتە ، کیانم ، شەو سەمیرم
ئەچانم دە خوداوەندی قەدیرم
فەلەك عومری جوانی منی بە بادا

+ × +

ئەگەر بێت و هەموو عالەم بە شەفقەت
ژیا بایە لە سەر رێگەی عەدالەت
هەڵستایە لە سەر رووی ئەرز جەنابەت
دەبوو دونیا تەمامەن عەینی جەننەت
هەموو ویجدان دەبوو پاك و موسەففا

× + ×

کوا ویجدان لە ناو عالەم دەبینم ؟
کوا چانا لە زەیقەت دەستکیەم ؟

گوا ئەمڕۆ لە زوڵمی کەس ئەمینم ؟
لە بەر هەندێ لە گشت عالەم لەقینم
لە داخانا ئەوا من بووم بە شەیدا

+ × +

لە بەر چی ئیلەیە من عەیشی جوانم
چی یە سووچ و گوناهم من بزانم
دڵم تۆقی وە لا ئیش بوو زەمانم
خەریکە دەرئەچێ رووحی رەوانم
ژیانی باش لە لای من بوو بە عەنقا

+ × +

ئەبینم من لەژینم نیستراحەت ؟
ئەبێ رۆژێ بچێژم من حەلاوەت ؟
ئەبێ رۆژێ ببیستم من بە شارەت ؟
ئەخولقاوە لەزانم غەیری زەحمەت
مەحالە ئەم هەمووە دەرچێ بڕوا .

× + ×

مرادی من کەسێ ئەیدا بە دەستم
لە بەر هەندێ ئەبینی مات و سەستم
نە شەوقم ما ، نە زەوقم ما ، هەستم
لە بەختی خۆم گەلێ من دڵ شکەستم
بە بێ سووچ و قەباحەت میری فەوتا

هەچی ئەیبینی پڕ شۆڕ و هەرایە
وەکو گورگە لە ناو پێستی مەڕایە
نی یە راستی لەگەل باب و برایە
دەمو ساعەت لە ناو فسق و شەڕایە
وەکو رۆژ ئاشکرایە زولم و فسقی

+ + +

هەچی ئەکری برادەر عەینی مارە
لە بۆ ئازاری رووحت ئیشتیزارە
ئەگێڕی راز و ئەسرارت لە شارە
ئەکا تەرغیبت هەردەم بۆ قومارە
ئەبینین ئێمە یەك مەردی حەقیقی

+ × +

رەفیقی چاك لە دونیا قەت نەمایە
لە زومرەی شاه بێ یا خۆ گەدایە
چ دەورێکە خودایە ئەی خودایە
هەچی ئەیبینی پڕ جەورو جەفایە
وەکو دووپشکە هەینەن بۆ رەفیقی

+ × +

بە زاهیر پێت ئەڵێ با وەك برا بین
ئەوەك مەغلووبی دوژمن ، بەش برابین
زەلیل و بێ ئەوا ئووشی هەرا بین
دەبا مەشغوولی بەیع و هەم شیرا بین
بە باتین پێی نی یە هەیرەز نیفاقی

× × ×

نیفاق ئەمرۆ بووە ئوستادی ئێمە
لەسەر دەستی ئەوە ئیسنادی ئێمە
کە بێ ئەخلاقی بۆتە زادی ئێمە
نی یە مەردێ بپرسێ کرداری ئێمە
لەبۆ ئەم حاڵە، ئای قەوم، چەند بەزەوقی

\+ × +

هەموو دونیا خەریکی فەنن و عیلمە
ئەسەف بۆ قەومی ئێمە هەر لە زولمە
کەلی خزمینە ئەم دەردە لە دڵمە
دەبێ کەی فەن بڵاو بێتن لە کن مە (۱)
ئەدی کەی روو بکەین بۆ لای تەرەققی

\+ + +

تەرەققی قەوم بە عیلم و فەننە ئەمڕۆ
ئەوەك دانیشی بێ ئیش، دەست لە ئەژنۆ
برادەر فێری فەن بە تاوەکو زوو
ببین ئێمەش لەناو خەلق ساحیبی روو
دەبا دەست کەین بەمۆزیقەو بە شەرقی

\+ × +

کەلی خزمینە گەرچی من ئەخۆشم
لە بۆ ئەم قەومە ئەکریم سینە جۆشم
لە بۆ بەرزی ئەوان چەند پەرۆشم
نە هێزم ما، نە عەقلم ما. نەهۆشم
ئەبێ ، ۆژێ بکا، ئەی دل، بەحەققی ؟

\+ × +



(۱) کن = لامە = ئێمە ، کن مە = لای ئێمە

لە بەر ئەم حاڵەیە میهری دەناڵی
پەریشـانە برادەر وەزع و حـاڵی
نی یە مەرف کا لە بۆ ئیسلاحی حاڵی
بە بێ ماڵیش برا بێ سوودە قاڵی
نە حاڵی ما ، نە زەوقی ما ، نە شەوقی

— ٣ —

## پێنج خشتەکی میهری لە سەر شیعرێکی ( ناڵی )

بـە دایم دڵم وەك بەردە بێ تۆ
وەکو وەحشی لە شاخو هەردە بێ تۆ
کوڵ و کوڵزار و قەسرم گەردە بێ تۆ
« دەروونم پڕ کەباب و دەردە بێ تۆ
دڵم گەرم و هەناسەم سەردە بێ تۆ

× + ×

لە یاری نەرد کە مەشهووری وڵاتم
دوو شەش بێنە ، ئەیا مۆری نەجاتم !
دەخیلت بم ، ئەما سەبرو سـیباتم
« خەریکی شـەشدەری هاتو نەهاتم
خەلاسیم قەت نی یە لەم نەردە بێ تۆ

× × ×

لە بەختی رەش ، لە چەرخی کەج لە ئاین دام
لە ناو قەهری هەزار رەنگی زەمین دام
ئەمن مردووم قەت مەزانە لـە ژین دام
« لیباسـم ماتەم و شینە ، لە شـین دام
سروشکم سوور و رەنگم زەردە بێ تۆ »

× × ×

بە بێ سودچ و قەباحەت بووم بە بەدنام
لەگەڵ من بەختی حیزم ، قەت نەبوو رام
لە خانەی غەم ، حەبیبم ، بێ رەفیق مام
« عەزیزم دل رەقە من فەردو تەنهام
دەترسـم بمکوژی ئەم دەردە بێ تۆ »

× × ×

بـە بێ روخسـاری تۆ میهری دەنالی
وە شـێواوە هـەم و فیکر و خەیالی
لـە بۆ نووسـین ئەمـا خامە مەجالی
« بـە بێ دیداری تۆ خۆ لاڵـە نالی
عەجەب مەسناوە ئەم چەند فەردە بێ تۆ ؟

---

## – ٤ –

## پێنج خشتەکی میلاری لە سەر شیعرێکی - کانی -

لاوینە وەرن با هەموو حەیرانی وەتەن بین
حەیرانی گوڵو سونبولو رەیحانی وەتەن بین
حەیرانی درەخت و چەمەنستانی وەتەن بین
« خزمینە وەرن تاکو بە قوربانی وەتەن بین
قوربانی چیاو دەشـتو بیابانی وەتەن بین

× × ×

تـا چەند لـە ژێر پەنجەی بێگانە بمێنین
تـا چەند سـەرا سـیمەو دیوانە بمێنین
بۆ فـابریقەو تـۆپو چەخانـە بمێنین



CS CamScanner

«تاکەی لە کون و قوژبنی ویرانـەوە بهێنین
یا ئیدی لە سەر کۆششی عمرانی وەتەن بین»

× + ×

تا کەی ببین ، ئەی لاوی وەتەن هەمدەمی یاری ؟
تاکەی بۆ بەشـی ئێمە فقر و هـەژاری ؟
تاکەی بکەین ، ئەی لاوی وەتەن ، شیوەن و زاری ؟
«تاکەی بگرین ئێمە وەکو هەوری بـەهاری ؟
وەك رەعدی سـەما دایما نـالانی وەتەن بین ؟»

+ × +

بۆچ دابنیشـین دایما روو ترش وەکو قول ؟
موحتاج و پەریشان و بە بێ پارەو و بێ پوول ؟
بۆچ سەعی نەکەین ، بۆچی نەبین یەك روح و یەك دل ؟
«بوچ پێ نەکەنین ، لەم چەمەنستانە وەکو گول ؟
بۆچی خونچە سیفەت سەربەگریبانی وەتەن بین ؟»

× × ×

خزمینە لە بۆ دەفعی شەڕی دوژمنی بەدخوو
بۆ مەحوی بناغە و ئەسـەری دوژمنی بەدخوو
بۆ کوشتن و بۆ قەتعی سەری دوژمنی بەدخوو
«بۆ گەردن و سینەو کەمەری دوژمنی بەدخوو
یا دەست بە قەمەو خەنجەری بڕانی وەتەن بین ؟

× × ×

یا رەب ! چ دەردێکە ئەمەی خستووە بەندی ؟
مەحکووم و ئەسیرین هەموو دل پڕ بوو لە دەردی
بۆ ئێمە ناخۆشـی و بۆ حالـەمە شـەهدی

« یا ڕەب چ دەبێ ئێمەش هەر وەکو هێندێ
لە شکرشکەن و ڕۆستەمی مەیدانی وەتەن بین ؟

× × ×

تا چەند لە ڕێی عەشق ئەبێ مێهری تۆ بەدحاڵ
تا چەند لە ڕێی عەشق ئەکەی سەرفی زەڕو ماڵ
تا چەند ئەکەی وەسفی کەمەر ، بازن و خەڵخاڵ
« تاکەی ئەدوێی - کانی - لە ئەوسافی خەت و خاڵ
وا چاکە لەمەولا کە غەزەلخوانی وەتەن بین »

---

— ٥ —

## پێنج خشتەکی مێهری لەسەر شیعرێکی « هوشیار »

فەلەك زۆر دل حەزینم من ئەبێ کێ دادخواهم بێ
هەتا کەی دل وەها بێ بەش لە دەرگانەی ئیلاهم بێ
هەتا کەی من وەها کوڵخەن بڕا گیان قیبلەگاهم بێ
« فەلەك ناسازە من چ بکەم لە دونیا کێ پەناهم بێ
سپەهسالاری دل کێ بێ ئەبێ بەختی سیاهم بێ ؟

+ × +

بە شەو تاکو سەحەر جانا لە ژێر داری بەلاو دەردم
بە ڕۆژیش هەر وەکو وەحشی لە ناو شاخ و لە ناو هەردم
بە بێ شك تۆ ئەکەی چاوم تەماشاکەی بە ڕووی زەردم
« هەمیشە هەر لە سەرتاپا بە زنجیری ئەلەم بەندم
شەوم بۆ ڕۆژە ناچارم ، ئەبێ هەر ئامۆزارم بێ »

+ × +

ئەمن قسەم دەم و ساعەت لە سەر جەمشیدی عالەم بوو
وەهەم زنجیری قەهریشم لەقاچ و زەندی عالەم بوو
بەشێکی زۆریشم جانا ، لە دار و بەردی عالەم بوو
« سەرێری بەختی ئەقبالم لە سەر خورشیدی عالەم بوو
لە ژێر پایانە وا ئەمڕۆ ئەبێ خەمخانە راهەم بێ »

+ × +

بە عیلمی خۆم کە مەغروور بووم لەدونیا خەیالم بوو
بە سەر بەستی و بە ئازادی عەجەب جلیوە و جەلالم بوو
لە دلداران بە ملیۆن و هەزاران ئەوینهالم بوو
« لە زێڕ و لەعل و یاقوت و سەدەف شاهانە تاجم بوو
ئەمێستا عەبدی ئەغیارم ئەبێ زیللەت کولاهم بێ »

× + ×

ئەمن خۆم تاق و تەنیا بووم لە شاری سەلتەنەت دوێنێ
بە بێ حوزن و کەدەر بووم من لەداری سەلتەنەت دوێنێ
ئەبوو بۆ من موخالیف ، کەس لە سەری سەلتەنەت دوێنێ (١)
« غەریقی بەحری شادی بووم لە ئەسری سەلتەنەت دوێنێ
لە کونجی خانەدا ئەمڕۆ ئەبێ غەم قیبلە گاهم بێ »

× + ×

لە ناو لالە و گوڵو ئەسرین بە عیشقی ئەو کە شەیدا بووم
بە عیشقی چاوی دلدارم لە ناو عالەم کەرسوا بووم
لە هەمموو کەس لە سار ئەرزا ئەمن بێ باک و پەروا بووم
« لە ناو چاغی بەهاردا بووم ، خەریکی بەزم و هیوا بووم
لە غەفلەت جەیشی شادیم چوو ئەبێ نیکبەت سپاهم بێ »

× × ×

(١) ئەم نیوە دێرە کێشەکەی تەواو نی یە .

ئەگەر رۆژێ هەزار جار بم حەقارەت مەندی دەستی دوون
بە دەردو غەم دلم لەت لەت کەن و جەرگیشم بکەن پڕ خوون
بە تیری مەرگ بمکوژن ، بەڵا میهری بێ مەحزوون
« خودایە رازی یە ـ هوشیار ـ بە جەورو میحنەتی گەردوون
بە شەرتێك لێم ببووری تۆ لە هەرلا گەرگوناهم بێ »

- ٦ -

## پێنج خشتەکی ئیهری لە سەر شیعرێکی «مەلارەشید»

لە دووری چاوی یارم غەمگو سارم
دەم و ساعەت لە گریەو ئاهو سارم (١)
دلم مەشکێنە بەد بەختو هەژارم
« سەبا لادە لە روو زولفی نیگارم
دەمێکە چاوەڕێی فەسلی بەهارم »

× × ×

لە عیشقی چاوی یارم بووم بە شەیدا
نە عەقلم ما . نە هۆشم بووم بە رسوا
هەچی حەیف بوو ، تەرەققی کرد لە دونیا
« ئەمن مەردم ئەوا مردم لە زوو را
لە داخانا خەریکی مووردو تارم »

× × ×

لە تۆ دیدەن کە هاتم من ، براکەت
دەری کردم بە ئەنواعی سیاسەت
نەرۆیشتم ، دەکوێ بکرە بە دیققەت

(١) ئاهوسار = ئاهوزار

«بەرانبەر پەنجەرەی کۆشك و سەراکەت
چریکەم دێ شەوو رۆژ بێ قەرارم»

+ + ×

سەراپا من لە بەحری عیشقا غەرقم
لە دەرسخانەی عیشقدا زۆر بە شەوقم
دەمێکە من خەریکی دەرس و مەشقم
«غولامی بەردەی سولتانی عیشقم
رەئیسی عاشقانی رۆزگارم»

× × ×

ئەگەر چی نیمە ئەمڕۆ سەروەرت و جاه
هەموو ئەعزام تواوە هەر دەڵێم : ئاه
ئەبوو بۆ من موعاوین هەم بەگ و شاه
«لە سایەی عیشقەوە - الحمدلله -
لە دونیا سەر بلند و پایەدارم»

+ + +

ئەگەر چی من بە زاهیر دوور لە رووتم
لە مەعنادا لە گەڵ تۆ من کە جووتم
پەرێشانم ، دەسووڕێم ، رووت و قووتم
«خەیاڵی قەدی لێرت بۆتە قووتم
لە بۆیێ دایما شیرینە زارم»

× + ×

ئەگەر مەشغوول ئەبم - میهری - بە سەودا
ئەبێ زیللەت بەقەد کێوم لە بەغدا
دەمەزنی خامەیی من دوڕی یەکتا

«زمانم لال بووە - ڕوشدی - وەکەرنا
لـــە مەیدانی غەزەلدا شـــەهـسوارم »

---

## پێنج خشتەکی «عبدالمجید قطب» لە سـەر چوارینێکی میهری .

هالەم هەموو ڕزکارە لە دەست دەردو نەخۆشی
مەسرووره ، لە غەم دوورە ، بە بەزمو بە خرۆشی
لەم زوهدو ریاکاری‌یە تاکەی تۆ ئەکۆشی
«هالەم هەموو خەندانە ، هەموو مەستە لەخۆشی
دەستێکی لە مل یارە ، بەویکەش مەی ئەنۆشی »
دونیام هەموو پڕ شۆرشو پڕ زولمو ستەم دی
تەلبو دلی ئەربابی هونەر پڕ هەمو غەم دی
رووم رەش بێ ئەگەر من بە زبان بێنمە حەمدی
«لەم ساوە کە هاتوومەتە ئەم کاولە ئەمدی
غەیرەز تەلەمو حەسرەتو گریانو نەخۆشی »



# بەشی چوارەم

## چوارین

«١»

عالەم هەموو خەندانە ، هەموو مەستە لە خۆشی
دەستێکی لە مل یا رەو بەو یکە مەی ئەنۆشێ
لەم ساوە کە هاتوومەتە ئەم کاولە ئەمدی
غەیرەز ئەلەم و حەسرەت و گریان و نەخۆشی

«٢»

سوئالم کرد ، ئەیا مێهری بە دایم بۆچی حەیرانی
وەها ماتو پەشێوی تۆ ، بە دایم چاو لە گریانی
هەناسەی سەردی هەڵکێشا ، جوابی دا بە مەحزوونی
برا حەقدارم ئەمڕۆ کە ئەگەر بشبم بە بریانی

«٣»

تکا ئەکەم لە یەزدان بژی بە شادو مانی
بە پێکەنینو خۆشیو بە کەیفو کامەرانی
خودا موبارەکی کا زەفانی پڕ سرووت
میللەتت بەرزبێ دایم ، مەنەووەر بێ جیهانی

«٤»

ساقی بە لوتفو مەرحەمەت هەڵسە بگێڕە جامی مەی
قوربانی یەك سەعاتی تۆ تەختی ڕەزاوو تاجی کەی
لەو مەیە نابە بمدەرێ ، لابەری حوزنو دەردو غەم
بە دەردو میحنەتی وەتەن ئەسیرو قەیدو بەند تابەکەی

( ٥ )

ئەم هێنادەرە چۆن ئاساگر دەبارێنێ بە سەرما
ئەم عالەمە کشت قڕ بوو چ بە تۆپ و چ بە سەرما
زۆر دەهشەتە ئەم حەربە ، برادەر ، کە هەموو کەس
کەوتۆتە ناو بەحری تەحەییور ، سەری سوڕما

( ٦ )

عەجایب ئەنگە بە سەر من داری دونیا    ڕەشە بەختم لە دونیادا ب...
لە دەستم خزلە ئالتوونی حەمیدی    ئەمن چم کرد لەدونیا بووم ب...

( ٧ )

مەهتووکە هەچی ئەمرۆ هونەرمەند و ئەدیبە
پڕ دانش و ڕووخۆش و وەفادار و لەبیبە
لەبەر ئەم نیسبەتە ئەمڕۆ کە چ عەیبم بە سەرادێ
ئەم عەیبە لە بەر چی من ئەمەندەم بە نەسیبە

( ٨ )

دونیا کە بێنەو پڕ بێ لە دەردو زیللەت و قەهر
لە فقر و ئیحتیاجی ، پڕ بێ لە شۆڕش و شەڕ
لە غەدر و زولمی باڵا بە ژێر دەستەبێ فەقیر
یا خوا بڕوخێ ، بڕوا ، کاول ببێ سەرا سەر

( ٩ )

مەلا (عارف) هەناسەم پەردە ئەدڕێو    بەبێ ئەحباب دڵم وەك پەردە ئەمشێ...
ئەجانم دەمێ لە گەڵ زانێکی عالی    ئەمن قەسەرم بەبێ شك قەیدە ئەمما...

( ١٠ )

لە خانەی بێ کەسیدا بێ شعوورم    فراری کرد لەمن زەوق و سروور...
بڵێ تۆ ئەی دڵی بێچارەیی من    بێ ڕۆژێ پەلای خۆشی مرووردم ؟

( ١١ )

ڕەها شێواوە وەسفی دینو میللەت    وەکو ئێکسیرە دانیشتن بەلاّی

ئەوەی ڕوح پاك و بێ ئێلە ، عەزیزم ا    بە شەو دایم ، بە ڕۆژ دایم دەناڵی .

( ١٢ )

ئەگەر بێتو مخەیەر بم لە بەینی وەسڵت و جەنەی

ویساڵی تۆ لە بۆ من بێ ئەبەد قەد ناسەوێ جەنەت

قەدت نووبایە بۆ عاشیق ، ڕوخت فردەوسی ئەعلایە

وەکو قەندی دولێوانت ، ئەیا ئەی ساحیبی چیشمەت

( ١٣ )

خودایە ، ئەی خودایە ، ئەی خودایە    نەشاتو زەوق،لەجیسمم قەت نەمایە

بکە دەرمان بریفسم بێ حیسابە    نەجاتم دە ، ئیلاهی ، لەم بەلاّیە

( ١٤ )

بە دەرد ئەمڕو کە زەرد بوو ڕەنگی سوودم

لە بەرچی من لە سیحەت هێندە دوورم

لە مێ سیحەت بە جاری بوو بە عونقا

نەسەبی دۆشەکو پالیفو ژوورم

( ١٥ )

لە دەست زیللەت ، لە بەر عیللەت پەشێوم

بە دوو دیدە سروشکی خوێن دەپێوم

لە عیززەت نابێ دەست بەردەم بە قەتعی

مەگەر رووحم بکاتە سەر دو لێوم

( ١٦ )

هەزار حەیف و تەئەسوف دەر بەدەر بووم

لە دونیادا هەجەپ نووشی کەدەر بووم

فـەمی دونیا یەقەم بەرنادا یەك دەم
عەجەب توشی هەراوو دەردی سەربووم

( ١٧ )

ئەم نالەو گریانە چ بوو هـەر نەبڕاوە
ئەم نالەی رۆیبوە ، چ بوو هەر نەگەڕاوە
ئەم ژینە لەبۆمە بۆتە زەهری هەلاهل
ئەم کاولە کاول بێ بە خۆشیو بە هەراوە

( ١٨ )

گەیشتە عەرشی ئەعلا ناڵە ناڵم
لە ئازاری لەشی خۆم هەردە
بە رۆژ هاوارو شەوگریانە حاڵم
نی یە هەردێ بپرسـێتێ هەوا

( ١٩ )

تفم کردە ژیانی داری دونیا
ئەما یەك قەترە ، یاران ، تف لەزار
ئەگەر بمرم ئەجانم بێ لە دونیا
لـە عزرائیل گەلێ مننەت گوزار

( ٢٠ )

لە خۆشیو سیحەت ئێستا گەرچی دوورم
ئەسیری دەردو زیللەت ، حەپسی ژوورم
( فلا أقطع رجائی منك . یا رب )
كە بێ هێزم ، زەعیفم ، بێ شعوورم

( ٢١ )

عەجەب پڕ شۆرشو پڕ دەردە دەروونم
لە دەست ئەم دەردە یاران زۆر زەبوونم
چریکەم دێ بە شەو تاکو بەیانی
مەگەر هەر خۆت بی ئەی خالیق موعینم

( ٢٢ )

له من دوور کەوتووە نالم هەر لە ئەووەل عومری منداڵی
دەبێ ، بێتن ، دەری کەم من لە دەوری سی و پێنج ساڵی
لــە بـۆی گریام و فرمێــسکم بووە خوێنی دڵ و جەرگم
مەگەر بێتن لــە ســـەر قەبرم بگریێتن بــە عــەبدالی

( ٢٣ )

کەلی پێم خۆشە دانیشـــتن بە تەنها
هەموو وەقتێك لە ســـەحراو جبالم
دەبوغزێنم تەماشـــاکەم بــە نەیتۆك
نــە وەك تێکی بدا وەزعم ، خــەیالم

( ٢٤ )

خوا لە ناڵەی دەردی دووری ، چاوەکەم من دیق ئەکەم
ئینتیزاری دڵبەرێکی کافری زنـــدیق ئەکەم
کەرمنی بەد بەخت وەهــا بێ حاڵەتم یەك رۆژی کە
ناعیلاجم روو لە قاپی یارێکی صدیق ئەکەم

( ٢٥ )

خوداوەندا : پەرێشـان روورکارم    لە بەحری غەم دەسووڕێنم ، بێ قەرارم
لە بۆ کەشتی نەجاتم کەس خودایە    دەمێکە لـە دەرگەی ، من ئینتیزارم

( ٢٦ )

لە ئەهلی ئەم زەمانە نەمدیوە عەهدو پەیمان
نەمدیوە ئیشی باش و نەمدیوە ئەمن و ئەمان
لەقەهری ئەم زەمانە ، لەدەردی دۆست و ئەحباب
هەروەکو دیجلەو فورات خوێنی دڵم بوو رەوان

( ٢٧ )

داخی وەتەنمە لە دڵم بۆیە وەها بێ هۆشم
لە دوا کەوتنی هۆزمە وەها سەرخۆشم
غەیری ئەم شتە بۆ هیچی کە من غەم ناخۆم
بۆ بەرزی ئەوان جوملە جیهان دەفرۆشم

( ٢٨ )

خودا وەندا ، خودا وەندی قەدیرم ئەتۆی پشت و پەناهو دەستگیرم
ئەخوشی وا هەناسەی لێ بڕیوم عیلاجم کە مەنم بەندەی فەقیرم

( ٢٩ )

لە بۆ ڕۆژی دوایی دەست بەتاڵم لەبەر هەندێ لە ناو بەحری خەیاڵ
لە ترسی ڕۆژی مەحشەر ئەی برادەر ئەوا زەردو وشك بو لێوی ئاڵ

( ٣٠ )

شەرت بێ ئیتر داخلی هەولێر نەبم تا وەکو بۆ ئەهلەکەی سەروەر نە
گەر تەلەب کەم ، چاوەکەم ، غەیری هونەر بم بە داوێکی وەها قەت بەر نە

( ٣١ )

چی بە ئەمرۆ کە وەها ، مات و پەرێشانی تۆ
بە بێ هۆش و بێ هەوەس ، شێت و هەراسانی تۆ
هۆشی خۆت بێنە سەرت هەوڵێ لە بۆ هۆزت دە
ئەگەر ئەمرۆ کە بە حەق تالیبی سامانی تۆ

( ٣٢ )

خودایە ، زۆر پەرێشانم ، خودایە ،
دەروونم ئاگری گرت ، بێ قەرارم
بە دەردێ دڵ هەراسانم ، خودایە
ڕزی جەرگم دڵ و جانم ، خودایە ،

( ٣٣ )

ا دیسان لە دەست بەختی سیاهم     کەیشتە عەرشی ئەعلا دادو ئاهم

انی دێ شەوی تارو درێژم     ئەبێ ئەختێ منیش وەر سوبحگاهم

( ٣٤ )

هەزار حەیف و تەئەسوف بووم بە شەیدا

لەناو خەلقی زەمانە بووم بە رسوا

ئەگێڕن بەحسی بەدبەختیم بە دایم

ئەوا بەحسم لەعالەم بوو بە سەودا

- ٣٥ -

لەم دونیایەی پڕ عەزاب     ئەمدیوە رێگەی سەواب

ئەمن گیرۆدەی عیشقم     قەت نەبوو بۆم (فەتحی باب)

- ٣٦ -

ـەمە ( میهری ) مەنالێنە ، بەدایم     بڵێ یارەب بکە رەحمێ بە حالم

ـەشم بێ هێزو بێ شەوق و نەشاتە     نەشاتم بۆ بنێرە ( ذوالجلال ) م

« ٣٧ »

مەستی شەرابی عیشقم     خانە خەرابی عیشقم

وەعزم مەدە ، ئەی ناسیح     چونکە کەبابی عیشقم

« ٣٨ »

ئەبەد مەستی بادە نیم     مەستی روخی سادە نیم

مەستی عەشقی حەبیبم     بەهیچ کەس دڵدادە نیم

« ٣٩ »

چەندە بەد حالم هەردەم دەناڵم     چەندە بڵاوە فکرو خەیاڵم

من کە بێزارم لە ژیانی وەرانم     ئەقەت نییە مەردێ بپرسێ حالم

«٤٠»

لەدەست ئەم دەردە ، رەبێ دادو بێ داد
بەشی من بوو بەئەنیـا ئاھو فریـاد
لەســەر روویی زەمینـدا بێ ئەوا خـۆم
بە رەحمی خۆت خـوایا بمـکە دلشاد

## تاك رەگەز

«١»

زەمزەمەی ئاوازی بولبول ، بۆنی گول ، عەتری ھەناسەی یاسەمینی ئاسمان
کاسی کردم ، مەستی کردم ، بێشەراب و بێمەزەو روخساری یار

«٢»

سەبا ھەلسە بەرە بۆ سێو سێفان چەژنە پـیرۆزی
بۆ جەنابانی رەفیقـان ، شێخ قانیع ، حەزرەتی سانی

«٣»

رووی رەش بێ رەقیب ، ئەوشەوە کارێکی بەمن کرد
نەیدیوە چ کـەس دەردی وەھـا لەو سـەگە ھـارە

«٤»

مەە یارەکەم ئەمرۆ کەبەمیوان و بە ناز بزنی دەدوشی
میھریش بەھەزاران کەدەرو دەردو خەفەت زەھری دەنۆشی

«٥»

میھری یا ئەمرۆ ئەنی مەبغوزی شاھو ھەم کەداو کشت عالەمم
چونکە قسەی زۆر خولاسەو بێ غەش و ئەسەتەق ئەیکەم

«٦»

وەتەن دووری وەتەن جانی ، وەتەن رووحی رەوانم
وەتەن ئۆ من ئەتۆی سەروەر ، ئەتۆی روتبەو نیشانم

« ٧ «

داماوی دەستی شەڕ بووم ، بێزارو دەر بەدەر بووم

لەبەندی بێ نەوایی ، سەد شوکر تازە بەر بووم

« ٨ »

هەر وەقتە شێتو شەیدا بیـم بەجارێ بۆ خـــزم

لە داخی چاوو ئەبرۆی بەغدا بکەوەمە کێوان

« ٩ »

بەژنی بلندی سەعدی ، مێزەری پارە پارە

وەك هێلانەی لەگ لەگ لەسەر سەری منارە

«١٠»

دل خەستەو دەم بەستە کەمن کەوتووم ئەمشەو

تریاق ویسالت مەگەر ئەم دەردە دەوا کا

( ١١ )

سەرما لە چاو بەکدا کارێکی بەمن کرد

فرقەت بە ( رضا ) جانا بەهوشتاقی تۆ ناکا

( ١٢ )

وەرە ئەی ئارامی جانم ، نووری چاوم ، دەردو دەرمانم

بەدەن بیمارو جان بێزارو دل غەمخوارە بێ تۆ

( ١٣ )

ئەوا بام مێ تووشی هەرا کرد

ئەمن ناهویست کەس تووشی هەراکەم

( ١٤ )

هەروەکو وەحشی دەسوورێم من لە شاخ وەردەوە

دل پەرێشانم ، براکەم ، من لەدەستی دەردەوە



CS CamScanner

( ١٥ )

بە ئەوعێکی وەھا شێواوە حالم

ئەبەد لای من نی‌یە فەرقی شەووڕۆژ

( ١٦ )

مەنیەعی دووپشك و مارە قەرەداغم

مەکانی ئاھو زارە قەرەداغم

(١٧)

مەشغولم من تا بەیان

بە ئـاھو ئۆف و ناڵان

( ١٨ )

ساقی بگێرە جامی مەی بەسەربەستی ( وناولها ) «١»

( کەعەشق آسان نمود أول ولی أفتاد مشکلها )

بەمەی رەنگین کە بەرماڵت ئەگەر پیری موغان فەرمووی «٢»

« کەسالك بی خبر نبود زراه و رسم منزلها »

---

(١) ، (٢) پێ دەچێ ئەم دوو دێڕە تاك رەگەزنەبن ، یاسەرەتای دانانی قەسیدەیەکی تەواوبن ، چونکە مەولێکە بۆ «اتباع» کردنی قەسیدە ئلودارەکەی حافظ شیرازی .

# چوارنیوە دێڕ « مصرع »

« ١ »

دەست لە دەستی یارە عالەم گەردەشی گولزار ئەکەن

« ٢ »

هەروەکو ئاشێکە دونیا هەرکەسە دەیوێ لەبۆ خۆی ئۆبەتی

« ٣ »

سیحەتم ، عومرم ، حەیاتی جاویدانم هەر ئەتۆی

« ٤ »

دەرونت پڕ مەعاریف هەمنیشنت مەردی عارف کە

× + ×

# بەشـــی پێنجەم

## نامەکان

«١»

### نامەیەک بۆ قانیع

ناگزێرم قسەکانت — ئەی شێخ قانیعە ئەندی (١)
بەموڵکی قەیسەری رۆم — هەم بەماڵ و بەقەندی
هەرچەندە شیعرەکانت — سەرنج ئەدەم بەوردی
هەستم ئەکا بەیەک دەم — لە فزو مەعنای بڵندی
دیوانی پڕنوکانت — گەوهەرە هەموو بەندی
لەفیکری بیکری ووروت — تاقی میللەتی کوردی
کەلامەکەت شیرینە — خۆشت هەروەکو قەندی
وەتەن پەروەری وەک تۆ — قەد نەبینراوە فەردی
رەبی بـەحەق ببینە — گەر هەیە هەرچی قەسدی
سەلام ئەکەم لەسامی — زۆر بەشەوق و خورسەندی (٢)
حاڵم زۆر پەریشانە — بۆ مریشکێکی هێنـدی
دلم هەروەکو داغە — لە قەرەداغی مردی (٣)
بەربادی کردم یەکجار — عەقڵ و هۆشم ، فڕاندی (٤)

---

«١» لەباتی « ناگزێرم » دەبێ بڵێ « ناگزێرمەوە »
«٢» خورسەند = دڵخۆش ، شادومان
«٣» مردی = مردوو
«٤» عەقڵ و هۆشم فڕاندی ، لە بارەی رێزمانەوە وتەیەکی راست نیە ، دەبێ بڵێ : عەقڵ و هۆشی فڕاندم .

شەو لە ماڵەوە تەنهام      نیمە یەك سیمین زەندی (٥)
هەتاکەی وا ئەبم من      فیرقەت دلم پساندی (٦)
میهری بەد حاڵو فاڵە      ئەمری بۆ خۆی بەدەردی (٧)
تەواو رسوایی ناسە      بەمەئیووسو روو زەردی
لە ژێر تیری قەزایە      وەکو لاوی قتلندی
ئومێد ئەکەم لەمەولا      بژیم بە خۆشی و شادی
چونکە زەواڵی هەیە      هەموو کەماڵ مەندی

## جوابی شێخ قانیع لەتەرەف میهری یەوە

ئەیا ئوستادی پڕ عیلم و مونەوەر
ئەیا ئەی (قانیع) ی رزقی موقەددەر
بەئەنواعی جەفا مەشغووڵی غەم بووم
دلم مەحزوونو خوێنم بوو موهەددەر
لەوەقتێکا کەهاتن شیعرەکانت
ئەما دەردم ، دەماغم بوو موعەتتەر
تەراوی قسەکانی شەککەرینت
ئەسیحەت بوو لەبۆ گەورەو قەلەندەر

---

«٥» سیمین زەند = زەند زیرین ، ئەوەی زەندەی وەك زێر سپی و اووس وپووس بێ

«٦» ئەم رستەیەش لەبارەی رێزمانەوە راست نییە ، دەبێ بڵێ : [فیرقەت دڵی پساندم ] یا ئەگەر زۆر ناچاربوو دەیتوانی لەپێناوی قافیەدا بنووسێ :
[ دلم ، فیرقەت پساندی ]

«٧» فاڵ = بەخت ، بەدفاڵ = بەدبەخت .



CS CamScanner

لەمن نادان و نەجھەلتر نی یە قەت
ئەگەر گەردون ببێتن جەھل پەروەر

ئەمن شێتم ، ئەمن مەجنوونی رسوام
نی یە لای من ئەبەد فەرقی مەرو کەر

لەسەر رووی زەمینیدا مەر لەگەل من
وەکو ئەرزو سەحابە بەینی جەوھەر

ئەگەر نازم بوایە من بە تەحریر
دەبوو ھەیشم نیشانەی بایی سەرسەر

ئەبەد روا مەکە رووحی شیرینم
بەھیچ ئەوعێ ببێتن مێھری موغتەبەر

## نامەیەک بۆ مەلا رەشید

یاخوا بژی بەرەندی — مەلا رەشیدە فەندی
بەعیززەت و سەعادەت — ھەم بەکەیفو خورسەندی
ئەشعاری پڕ نوکاتت — گەوھەرە ھەموو بەندی
قسەکانت شیرینە — خۆشت ھەروەکو قەندی (١)
دڵم زۆر ئارەزوویەتی — قسەی حسن مەمەندی
ئومێد ئەکەم لەمەولا — بژیم بەخۆشیو شادی (٢)
لە بابەت کاغەز نووسین — ئەیئەن وەکو جەمادی
بۆچی جەوابم نادەی — بۆچی وەھا عینادی

١ ـ ٢ ـ ٣ : ئەم سێ دێڕەی بۆ قانیعیش کردووە ، تەنیا ئەوەندە ھەیە دێڕی (١) وشەی (کەلامەکەت) بووە بە (قسەکانت) .

بۆچی وەها بێ وەفای   هەروەك میللەتی هیندی (۱)
ئەگەر بێ لوتفی بکەن   بە مەعنەوی و بە ماددی
قەتعی عەلاقە ئەکەم   لەتۆو لە باقی مەندی
بکل الاحترام   سلم علی الرشاد
ذکره فی لسانی   من الذ الاوراد
فالجسم فی فراقه   فی السقم والنفاد
ولیس لی قرار   من ألم البعاد
فاشکر سوء حظي   الی رب العباد

## نامەیەکی تر بۆمەلا رەشید

ئەگەر جوابم نەدەی   حەوالە بی بە یەزدان
لەپاش خودای ئەکبەر   حەوالە بی بە مەردان
رەفیقەکەی رۆیبوت   بۆ شاری جبل لبنان «۲»
ئاخۆ ئەحوالی چۆنە   بۆچی نانووسێ بۆمان
بەفکرت دی لەمزگەوت   دانەنیشتین لە سەربان
چەند حیکایەتی خۆش خۆش   دەستت دەکرد بە کێڕان «۳»
سەد حەیف و سەد موخابن   چۆن دووری خستین زەمان
ئاخۆ ئێستاش دەنووسی   شیعری پڕنوکتەو جوان «٤»

---

(۱) ناشێ هەموو میللەتی هیند بەبێ وەفا دابنرێ .

«۲» شاری جبل لبنان = شاری لبنان «جبل» زیادەیە

«۳» کێڕان = کێڕانەوە . بۆحیکایەت ـ کێڕانەوە ـ بەکاردێ ، کێڕان ـ بۆکێڕانی قاوەو چاو ئاوو مەی . . بەکاردێ .

«٤» دیارە مەلارەشید شیعری هەبووە ، وەك لێرەدا دیارە هەروەکو شیعری سەرنکیشی کردووە بەپێنج خشتەکی .

ئاخۆ حیکایەت ئەکەی
بە پێت چلۆنە لەگەڵ
وەقتێ چۆن رادەبوێری
بۆم بنووسە چاوەکەم
ئەگەر لەمن ئەپرسی
حاڵم پەشێوە روشدی
لەناو باخچە دەسوورێن
هەموو ئێواران ئەرۆم
ئوستادەکەی نازکەم
مەعووبری فیکرەکەم
دەستەکانی ماچ ئەکەم
ئەبلیغ کە ئیحترامم
ساحێب ئەجابەت ئەوە
سەلام ئەکەم لە سەیید
پێی بڵێ من حازرم
روو لەقیبلە ئەوەستێ
سەلام ئەکەم لە سالیح
هەنگوینەم بۆ هەلگرن
لەحاجی شێخ موحەممەد
میهری لە دووری ئێوە
وفي الختام سلم

بۆ رەفیقان و دۆستان
چاو رەش و قەد باریکان
لەگەڵ فەقێ و سالکان
بە شێعرێك ویا دووان
بکەم حاڵەتم بەیان
لەبەر پەرچەم پەشێوان
بە لەنجە ، هەم بەعینوان
بۆلای کانی جوولەکان
ساحێبی عیلم و عیرفان
یوونسی ناجی خۆمان
بەشەرم و چاو بە گریان
بە پیرباڵی قەدر زان
موخلیسم بۆی بە قورئان
پڕ شەوق و دڵ فراوان
بۆ هەموو ئەمرو فەرمان
بۆ بەندەیی دوعا خوان
لەگەڵ مەلا ئاورەحمان
دێم لە مانگی حوزیران
هەم سەلام کە لەئیحسان
زۆر تاڵەو زۆر پەرێشان
على كافة الاخوان

## نامەیەکی تریش بۆمەلا رەشید

یارەبەی رەشید هەروەکو من دووری وەتەن بی
ووردت کەن هەموو رۆژێ لەژێر داری هەنارا
هەم بەتخەنە ژێر دەستی رەقیبی کەری کەرباب
وەقتێ کەنەبی هەمدەمی یارت لە کەنارا
چەند مانگە ئەمن کاغەز ئەنووسم نیە سوودی
ئیخلاسە کەهەر ئەیمەنە زۆر چاك دیارا ( ٥ )
ئەمزانی ئەتو هەروەکو کاکە کوڕی وەقتی
هەر کوم بووم ئەمن ئەبخەنە ناو قەعری بەهارا
بێ شك وەکو قەلغانی بلا بادی هەوا خۆم
قەت نابێ جەوابم نەیە تەعنەو نەیە دارا
تاکەی ئەم جەورە ئەبی هەمدەمی ناچاری وەکو من
میهری کەبەد تالعو بەد بەختو هەژارا ( ٥ )

## نامەیەکی تر

دلم دایم وەکو ئاگر دەسووتا
لەدووری تۆ ، کزەی جەرگو هەناوم
کەنامەت هات نەما دەردم ، دلم بوو
بەجێی گولشەن ، ئەیا روناکی چاوم
قسەی شیرینو خۆشت مەستی کردم
بطول اللیل فی الضحك اداوم
لەحالم گەر دەپرسی ، ئەی برادەر ا
بکە باوەڕ ، لە دووری تۆ نەماوم
لە داخی چاوی شۆخانی زەمانە
دەمو ساعەت ، برا ، پابەندی داوم

# سوپاس

* بۆ مامۆستا ( محمد رەشید فتاح ) ی چیرۆکنووس کە سەرپەرشتی لەچاپدانی کرد .

* بۆ کاک شێرزاد حەمەدەمین رەنجەرۆ کەیەکەم چار دەستنووسەکانی مێهری دامێ .

* بۆ کاک ( رؤوف ) ی برای - مێهری - کەماوەی بڵاو کردنەوەی شیعرو ژیانی مێهری دام و خۆیشی لە دانیشتنێکدا زۆر لایەنی ژیانی مێهری برای بۆ روون کردمەوەو لەگەڵیشم هاتە گۆرستانی شێخەوللای هەولێر وگۆرەکەی مێهری پیشان دام .

**تێبینی :**

لەکاتی دانانی ژمارەی لاپەڕەکان لەدوای لاپەڕە ( ٢٨ ) لەجیاتی ( ٢٩ ) یەکسەر ( ٣٩ ) نووسراوە. ئەمە هەڵەی چاپەو کتێبەکە هیچی کەم نییە ، ببوورن .

لە کاتی چاپ کردن دا هەوڵی زۆرمان دا کتێبەکە هەڵەبڕ بکەین بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار ( ٧ ) ێك یا ( ٠ ) ێك زیادەیە یا کەمە یا هەڵەی وابچووك ڕووی داوە کە خوێنەر خۆی هەستی پێدەکا ، بەڵام لە هەمان کاتدا دەقی شیعرەکان هەندێ هەڵەی وایان تێ کەوتووە کە هەماناکەیان شێواندووە و هەم کێشەکەیان لاسەنگ کردووە . بۆیە وامان پێ باش بوو کە لە خوارەوە ڕاستی یان بکەینەوە ، تکایە بەر لەخوێندنەوەی کتێبەکە ئەم هەڵانە ڕەچاو بکەن :

| لاپەڕەی | دێڕی | هەڵەکە | ڕاستەکەی |
|---|---|---|---|
| ٦ | ١٤ | ئەجرید | ئەجوید |
| ٨ | ٢٠ | لـە | من لە |
| ٩ | ٢٤ | لەخزو | لەفزو |
| ١٠ | ١٨ | کەرو | کەسەرو |
| ١٣ | ١٤ | بیزی | بێزی |
| ١٣ | ٢١ | بەزاندی | بەزاندنی |
| ١٣ | ١٤ | دواکەوتنی | داکەوتنی |

| لاپەرەی | دێری | هەڵەکە | راستەکەی |
|---|---|---|---|
| ١٤ | ١٥ | مەیدان | مەیدانە |
| ١٥ | ٢٣ | شر | شری |
| ١٦ | ٢٤ | دەرکاهی | دەرکاهی ئیلاهیکەی |
| ١٨ | ٦ | لە | لە زۆر |
| ١٩ | ١٦ | نامەیەکی | نامەکەی |
| ٢٠ | ٢١ | تیژە | تیژی |
| ٢٢ | ٢٠ | بچەسپێنێتەوە | بیچەسپێنێتەوە |
| ٢٣ | ٢ | ئەکا | نەکا |
| ٢٣ | ٣ | هەراکە | هەراکەم |
| ٢٤ | ١٣ | شێوە | شیعرە |
| ٢٧ | ١٤ | لەسەر | لەسەر من |
| ٢٧ | ١٦ | ئەتۆی | ئەتۆی گەنجی |
| ٢٨ | ٦ | تۆیی نە | تۆنی یە |
| ٢٨ | ٢٣ | رۆژ هەڵاتی | رۆژهەڵاتی هەولێر |
| ٢٩ | ٣ | روناکی | روناکن |
| ٢٩ | ١٩ | زۆر | زۆر جار |
| ٤٠ | ١٥ | هەماهە | هەمامە |
| ٤١ | ٧ | مەرچی | هەرچی |
| ٤٢ | ١٨ | خۆی | خۆی بوو |
| ٤٤ | ١٥ | سەحەرکان | سەحەر گاە |
| ٤٥ | ٦ | نادان | نادانان |
| ٤٧ | ٢ | دەرد دل | دەردە دل |
| ٤٩ | ٣ | ئەمرۆ کەمانی | ئەبرۆکەمانی |

| لاپەڕەی | دێڕی | هەڵەکە | ڕاستەکەی |
|---|---|---|---|
| ٥٢ | ٢ | ئەمرۆ | ئەمرۆ دەوری |
| ٥٢ | ١٠ | نیعمەتە | نیقمەتە |
| ٥٣ | ٩ | چرای | چرای بەختم |
| ٥٣ | ١٣ | پیارە | پیاوە |
| ٥٣ | ١٤ | خادان | نادان |
| ٥٤ | ١ | کتژرام | کوژرام |
| ٥٤ | ٣ | جنزا | جنرا |
| ٥٤ | ٥ | هێز | هێزم |
| ٥٥ | ١٢ | ماری | مارە |
| ٥٩ | ١٧ | کە | کەلە |
| ٦٠ | ١٣ | بێ قەرازم | بێ قەرارم |
| ٦١ | ١ | دینن | دیتن |
| ٦١ | ٩ | رسوا | رسوام |
| ٦٢ | ٤ | دایم | بەدایم |
| ٦٢ | ٢١ | جوت | جوست |
| ٦٤ | ٨ | لە فرۆشە | لە خرۆشە |
| ٦٦ | ٤ | رەحمت | رەحمەت |
| ٦٨ | ١٦ | هەستم | نەهەستم |
| ٧٠ | ١٨ | ئەوان | ئەوانە |
| ٧١ | ٨ | شاغ | شاخ |
| ٧١ | ٧ | هەم و | هەموو |
| ٧٤ | ١٧ | لەسەرە | لەسەر |